https://doi.org/10.54809/jkss.vi3.234

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پەرەسەندنی کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور لە ١٥٦٤-١٦٠٠زدا
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-بەڵگەنامەییە

**م.محمد احمد ابراهیم گەلالەیی**

**بەشی مێژوو-فاکەڵتیی ئاداب-زانکۆی سۆران**

mohammed.ibrahim@soran.edu.iq

**پ.د.هۆگر طاهر تۆفیق**

**بەشی مێژوو-فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتیەکان-زانکۆی زاخۆ**

hoger.tawfiq@uoz.edu.krd

## پوختە

ئەیالەتی شارەزوور؛ پێگەیەکی ستراتیژیی سیاسیی، سەربازیی، ئابووریی و جڤاکیی لەسەر سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی هەبوو، دامەزراندنی ئەیالەتی شارەزوور بۆ ساڵی ١٥٦٤زدا ئەگەڕێتەوە، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە رووی کارگێڕیی لە ئەیالەتەکانی خۆرهەڵاتی عوسمانیی هێنایەکایەوە، بە تەواویی لە جیاکردنەوە و دیاریکردنی سنووری کارگێڕیی ئەیالەتی ناوبراو لەگەڵ ئەیالەتەکانی تری وەک: مووسڵ و بەغداد دا، لە هەمان کات دا فراوانبوون و بەرتەسکردنەوەی سنووری کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور پەیوەست بە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ناوخۆی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی هەبووە. گۆڕانکاریی بەردەوام لە یەکە کارگێڕییەکاندا لە هەڵوەشاندنەوەیان تا یەکخستنیان لەگەڵ یەکەیەکی تری کارگێڕیی و دواتر دروستکردنەوەی، یان لەیەکدابڕاندنی یەکەیەکی کارگێڕیی لە ئەیالەتێک بۆ ئەیالەتێکی تر، یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی بووە، بۆ نموونە: هەڵوەشاندنەوەی ئەیالەتی مووسڵ و دواتر جێگیرکردنی لە چوارچێوەی کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور وەک سەنجەقێک دواتریش هێنانەکایەی بۆ جارێکی تری وەک: ئەیالەتی مووسڵ وەک ئەیالەتێکی سەربەخۆ، ئەم گۆڕانکارییانە وەک نەریتێکی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی بەردەوامی هەبووە، هەروەها شەڕ و ململانێی ناوخۆی میرنشین و هۆزەکانی ناو سنووری ئەیالەتی شارەزوور، هێرش و ململانێی بەردەوامی سەفەویی یەکان لەگەڵ عوسمانییەکان رۆڵی لە فراوانبوون و بچووککردنەوەی سنووری کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور لەماوەی ١٥٦٤-١٦٠٠زدا هەبووە، لەم توێژینەوەیەدا پرسیاری سەرەکیی ئەمەیە: ئایا پەرەسەندنی کارگێڕیی ئەیالەتی شارەزوور چ کاریگەرییەکی لەسەر رووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەیالەتی شارەزووردا هەبووە. ئایا پەرەسەندنی کارگێڕیی عوسمانیی چ کاریگەرییەکی لەسەردوارۆژی ئەیالەتی شارەزووردا بەجێهێشتووە؟ ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک زانیاریی نوێی زانستیی بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی توێژینگەی مێژوویی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا خستۆتەڕوو.

**کلیلی وشەکان: شارەزوور، ئەیالەت، سنوور، عوسمانیی، سەفەویی ، سەدەی شانزەهەم.**

Recieved: 16/2/2023
Accepted: 15/3/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی:

ئەیالەتی شارەزوور؛ پێگەیەکی ستراتیژیی لە پەیکەری کارگێڕیی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی دا هەبووە، پەرەسەندنی کارگێڕیی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کارگێڕیی عوسمانیی و ئەیالەتی شارەزوور بووە، بە تەواویی دوای هێنانەکایەی ئەیالەتی ناوبراو لە ساڵی ١٥٦٤زدا، گۆڕانکاریی ناوخۆیی لە لکاندن و جیاکردنەوەی یەکە کارگێڕییەکان بۆ هێنانەکایەی یەکەیەکی نوێی کارگێڕیی لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزووردا بەدرێژایی مێژووی ئەیالەتەکە لەماوەی ساڵانی ١٥٦٤-١٧٧٩زدا بەردەوامیی هەبووە، لە ناو ئەم گۆڕانکارییانەدا سنووره ناوخۆییەکانی ئەیالەتەکە بۆ هەمیشە حاڵەتی گۆڕاویان هەبووە، ئەمە بووە بە هۆکارێك کە ئەیالەتی شارەزوور جوگرافیایەکیی گۆڕاوی بە بەراورد لەگەڵ ئەیالەتەکانی تردا هەبێت، ئەمەش دوای لکاندن و دابڕاندنی هەندێك لە سەنجەقەکانی لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا، لەم چوارچێوەیەشدا پەرەسەندنە کارگێڕییەکانی شارەزوور بە بەردەوامیی لەژێر هەژموونی گۆڕانکاریی دابوونە، کە لە پایتەختی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی لە ئەستانبووڵ بڕیاری لێ ئەدرا، ئەمە بێجگە لە پەرەسەندنی کاری دادگاکان لە ئەیالەتی شارەزوور و ڕێکخستنەوەیان بە تایبەتیی لە دوای ساڵی ١٥٦٤زدا، کە دەسەڵاتی ناوەندێتیی عوسمانیی لەناوەندی شار و سەنجەقەکانی چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزووردا زاڵبووە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ وەك: هەوڵدان بۆ خستنەڕووی نوێترین زانیاریی لەسەر گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا، بە تەواویی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتیی عوسمانیی بۆ کوردستان لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە، چونکە لە ماوەی ساڵانی ١٥١٤-١٥٣٤زدا، بە هۆی ڕێکەوتنی ناوان کورد و عوسمانیی، هەبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی لە کوردستان و بە تایبەتییش لە شارەزوور بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئامادەیی هەبووە و جێکەوت کەوتووە، بەڵام لەدوای هەڵمەتە سەربازییەکەی سوڵتان سلێمانی قانوونیی لە ١٥٣٤-١٥٣٤ کە لە هاتن و گەڕانەوەیدا بە کوردستان دا تێپەڕی، بۆ جارێکی تر دەسەڵاتی عوسمانیی بە هێزی سەربازیی سەپاند، ئەم بیرۆکەیەی سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانیی لە کوردستان بۆ چەند دەییەکی دواتریش بەردەوامیی هەبوو، تا هێنانەکایەی ئەیالەتی شارەزوور وەك ناوەندێکی حوکمڕانیی لە رووی کارگێڕیی، سەربازیی، دادوەرییەوە، چونکە خەسڵەتی حوکمڕانەکانی عوسمانیی لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزووردا بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن، کۆکردنەوەی سەرباز و داهات بۆ خەزێنەی عوسمانیی و چەسپاندنی بنەماکانی دادوەریی لە ناو خەڵکدا بووە، بۆیە گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەم ماوەیە مێژووییە، کۆمەڵێك زانیاریی نوێ ئەخاتە ناو توێژینەوەی مێژوویی کوردستان.

ئامانجی توێژینەوەکەش وەک توێژینەوە لەسەر مێژووی کوردستان، پێویستیی بە نووسینەوەی مێژووی گشتیی و وردیی هەموو لایەنە ژیارییەکانی هەیە، بە تەواویی کە لەماوەی سەدان ساڵی رابردوودا بە تەواویی ئەو مێژووە نەنووسراوەتەوە، بە تەواویی مێژووی کارگێڕیی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ نووسینەوەی مێژووی کارگێڕیی شارەزوورە لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم، بەڵام تا ئەمڕۆ لێکەوت و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکانی سەدەی شانزەهەم کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیی

بــۆ ســەر کوردســتان و شــارەزووری هێنــاوە بەردەوامیــان هەیــە، بۆیــە ئامانجەکــە بــە وردیــی ئەمەیــە: شــیتەڵ، وردبوونــەوە، خوێندنەوەیەکــی نــوێ بــۆ نووســینەوەی مێــژووی ئەیالەتــی شــارەزوور. هەروەهــا، مێــژووی نوێــی کــورد لەمــاوەی ســەرەتاکانی ســەدەی شــانزەهەمدا بــۆ چارەکــی یەکەمــی ســەدەی بیســتەم، بــە تەواویــی و بــە وردیــی پــەردەی لــە ســەر کــۆی بەڵگەنامەکانــی ئەرشــیفخانەی عوســمانیی لــە ئەســتانبووڵ لــە ڕێگــەی نووســینی توێژینــەوە و ســەرچاوەی زانســتیی هەڵنەداوەتــەوە، بۆیــە پێویســتیی و داواکارییەکــی زانســتییە، کــە بەڵگەنامەکانــی ئــەو ئەرشــیفخانەیە بــۆ دووبــارە نووســینەوەی مێــژووی کــورد کــە نزیکــەی چوارســەد ســاڵە، هەڵبەینــەوە و لــە توێژینەوەکانــدا بەشــێوەیەکی زانســتیی و راســتێندراو بەکاربهێنرێــن، هــەر بۆیــە ئــەم پێویســتبوونە بــووە بــە هۆکارێکــی بنەڕەتیــی و پاڵنەرێکــی ســەرەکیی بــۆ نووســینی ئــەم لێکۆڵینەوەیــە.

بــەڵام، لــەم توێژینەوەیــەدا گرفتــی زمــان و دەستگەیشــتن بەســەرچاوەکان بــۆ توێــژەر و بــە تەواویــی بــە زمانــی یەکەمــی بەڵگەنامــەکان نەبــووە، بەڵکــو گرفتــی ســەرەکیی ئــەم توێژینەوەیــە زۆربــەی زانیاریەکانــی ئــەو قۆناغــە مێژووییــە و دواتریــش ونکــراون، ســووتێنراون، شــاراوەنەتەوە لەلایــەن دەوڵەتــان و خەڵکانێــك کــە بــە ئاســانی دەســتی توێــژەران ناکــەون، هەروەهــا لــە نــاو بەڵگەنامەکانــی عوســمانیی دا هەمــوو زانیارییــە ورد و درشــتەکان نەخراونەتــە بەردەســتی توێژەرانــی ئــەم قۆناغــە مێژووییــە، بەهــۆی هەســتیاریی هەندێــك بابەتــی دیاریکــراو لــە نــاو دەوڵەتــان بــە بیانــووی جیــا جیــا، بۆیــە ئەمــە لەداهاتووشــدا گرفتێکــی گەورەیــە لەبــەردەم توێژەرانــدا بــۆ ســاغکردنەوەی هــەر بابەتێکــی مێژوویــی.

ئــەم توێژینەوەیــە ڕێبــازی شرۆڤەیی-رەخنەیــی بــۆ گێڕانــەوەی مێــژووی ئەیالەتــی شــارەزوور بــە ڕێگــەی بەڵگاندنــی بەڵگەنامــەکان گرتۆتەبــەر، کــە شــیکردنەوەی بــۆ زانیارییــە چڕەکانــی نــاو دەفتــەر و بەڵگەنامەکانــی ئەرشــیفی عوســمانیی کــردووە و، لەگەڵیشــیدا چەمــك و زاراوەکانــی نــاو بەڵگەنامــەکان بــە تەواویــی روونکراونەتــەوە، کــە ڕێچکەیەکــی بــۆ توێــژەر کردۆتــەوە، کــە رەخنــەی ئــەو پەرەســەندنە هەمەلایەنــەی نزیکــەی ســی و شــەش ســاڵی مێــژووی کارگێڕیــی ئەیالەتــی شــارەزووریش بکاتــەوە، پاڵپشــت بــە زانیاریــی و شرۆڤەکردنێکــی نــوێ لــە توێژینــەوەی مێــژووی نوێــی کــورددا.

توێژینــەوە پێشــووەکان: ئــەو توێژینەوانــەی لەمــاوەی چــل ســاڵی رابــردوودا کــراون، بــە گشــتیی یــان تەوەرەیــەك لــە باســەکانیان بــۆ ئەیالەتــی شــارەزوور تەرخانکــراوە، ئەمانــەن: أ.د عــماد عبدالســلام رؤوف (٢٠٢١): (مراكــز الإدارة والأسر الحاكمــة في العــراق في القــرون المتأخــرة), و الدكتــور فاضــل بيــات (٢٠٠٧): (الدولــة العثمانيــة فــى المجــال العربــى)، و خليــل عــلي مــراد(٢٠١٨): (العــراق في العهــد العثــماني ١٦٣٨-١٧٥٠ دراســة في الإدارة العثمانيــة والحيــاة الإقتصاديــة), هەروەهــا بــە زمانــی تورکیــی چەنــد لێکۆڵینەوەیــەك دەربــارەی شــارەزوور ئەنجامــدراون وە: Ünal TAŞKIN(٢٠١٤): (NUMARALI TAHRİR DEFTERİNE GÖRE ŞEHRİZOL ١٠٠٢) و Hasan KOÇ (٢٠١٤): (ŞEHRİZOR'UN TARİHİ COĞRAFYASI) بــەڵام هــەر یــەك لــەم توێژینەوانــە پشــتی بــە کۆمەڵێــك داتــا و زانیاریــی دیاریکــراو لــە ســەرچاوە بەرایــی و بەڵگەنامەکانــی نــاو ئەرشــیفی عوســمانیی بەســتووە، بــەڵام لەگــەڵ زانیاریــی و ئــەو بەڵگەنامانــەی ئێســتا کــە لەبەردەســتی توێــژەردان گۆڕانکارییەکــی ڕێژەیــی بــەرز دێنێتەکایــەوە، بۆیــە پێویســتیەکی لــە ڕادەبــەدەری توێژینگــەی مێژوویــی کوردســتانە، کــە زانیاریــی یــەکان نوێبکرێنــەوە و زانیاریــی نوێتریــش بخرێنــە ســەر زانیاریــی یەکانــی پێشــووتر، کــە لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا ئــەم کارە زانســتیی یــە بەرێژەیەکــی

بــەرز ئەنجامــدراوە.

ئــەم توێژینــەوە: لــە دەروازەیــەك و چــوار تــەوەری ســەرەکیی پێکدێــت، لــە (دەروازە)دا بــە پوختەیــەك باســی ئاڵنگارییە ناوخۆیــی و دەرەکییەکانــی ســەنجەقی شــارەزوور کــراوە، کــە تێیــدا باســێکی ورد خراوەتــەڕوو لەســەر رووداوە مێژووییەکانــی نــاو ســەنجەقی شــارەزوور بەهاوتەریــب لەگــەڵ بارودۆخــی کۆمەڵایەتــی، ئابووریــی، ســنوور، ئاســایش و کارگێڕیــی شــارەزوور لەمــاوەی ســەرەتاکانی نیــوەی دووەمــی ســەدەی شــانزەهەمدا خراونەتــەڕوو، لــە تــەوەری (یەکــەم)دا: ڕووناکــی خراوەتــە ســەر هێنانەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور لــە ســاتەوەختی هێنانەکایــەی وەك ئەیالەتێکــی عوســمانیی لــە ســاڵی ١٥٦٤ تــا ســەرەتاکانی ســەدەی حەڤدەهەمــدا، خســتنەڕووی ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لەمــاوەی ســی و شــەش ســاڵدا لــە ســنووری کارگێڕیــی ئەیالەتــی شــارەزووردا هاتوونەتــە کایــەوە، لــە تــەوەری (دووەم)دا: بــاس لــە ســنووری ئەیالەتــی شــارەزوور دوای دەرکەوتنــی هەژموونــی هــەردوو ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی و ســەفەویی کــراوە، کاریگەرییەکانــی ئــەم هەژموونکردنــە بەســەر ناوچەکانــی ئەیالەتــی شــارەزووردا لــە ســاڵی هێنانەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور لــە ١٥٦٤دا تــا ســەرەتای ســەدەی حەڤدەهەمــدا، لەتــەوەری (ســێیەم) دا: خســتنەڕووی پەرەســەندنەکانی کارگێڕیــی عوســمانیی لــە ئەیالەتــی شــارەزووردا، بــە تەواویــی لــە لکانــدن و هێنانەکایــەی (اســتحداث) یەکــەی کارگێڕیــی لــە ژێــر ناونیشــانی جیــاواز وەك: ناحیــە، قــەزا و ســەنجەق، ئەیالەتــی شــارەزوور ســنوورێکی بەرفراوانــی کارگێڕیــی هەبــووە لــە هەورامــان بــۆ دەشــتی شــارەزوور، کەرکــوك تــا گەرمیــان، هەولێــر تــا ڕوانــدز و دەوروبــەری، لــە تــەوەری (چوارەم)یشــدا: بــاس لــە ڕێکخســتنەوەی دادگاکانــی شــارەزوور کــراوە، کــە چ ڕۆڵێکیــان لــە بەرپاکردنــی دادپــەروەری هەبــووە، ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی چــۆن ســەیری کارەکانیانــی کــردووە و چ لێپرســینەوەیەکی بەرانبــەر بــە قازییــە شــەرعییەکانی شــارەزوور ئەنجامــداوە..؟ لــە کۆتایشــدا ئەنجامەکانــی توێژینــەوە بەتێروتەســەلی خراونەتــەڕوو.

ســەرچاوەکانی توێژینــەوە: ســەرچاوەکانی ئــەم توێژینەوەیــە بەشــێوەییەکی ڕێژەیــی بــەرز، لــە بەڵگەنامــەی بڵاونەکــراوەی ئەرشــیفخانەی عوســمانیی لــە ئەســتانبووڵ و هەندێــك ســەرچاوەی بەڵگەنامــەی بڵاوکــراوە پێکهاتــووە، کــە بەڵگەنامــە بڵاونەکــراوەکان پێکهاتــوون لەمانــە، وەك: دەفتــەری موهیممە(مهمــە دفــتری-Mühimme Defter)، هەروەهــا دەفتــەری روزنامــە (روزنامــە دفــتری-Ruzname Defter) و دەفتــەری داراییــە گوازراوەکان(مالیــدن مــدور دفــتری- Maliyeden Müdevver Defter)، کــە ئــەم تیانووســانە بەڵگەنامــەی گرنــگ و پــڕ بایەخیــان دەربــارەی مێــژووی ئەیالەتــی شــارەزوور بــۆ کایەکانــی، کارگێڕیــی، جڤاکیــی، سیاســیی، دادوەری، داراییــی و ئابووریــی لەناواخنیانــدا هەڵگیــراوە، هەروەهــا ســەرچاوەیەکی گرنگــی وەك: فاضــل بیات(إعــداد وترجمــة ودراســة): (البــلاد العربيــة في الوثائــق العثمانيــة)، کــە ســێ بەرگــی ئــەم کتێبــە کــە لەمــاوەی ٢٠١٤-٢٠١٧ بڵاوکراونەتــەوە، نزیکــەی دەیــان بەڵگەنامــەی ئۆرجیناڵــی بەزمانــی تورکی-عوســمانیی و وەرگێــڕدراو بــۆ ســەر زمانــی عەرەبــی تێیــدا بڵاوکراونەتــەوە، ســوودێکی زانســتیی یــان بــەم توێژینەوەیــە گەیانــدووە، چونکــە بەشــێکی لــە بەڵگەنامەکانــی عوســمانیی لــە دەفتــەری موهیممــە بــۆ ســەر زمانــی عەرەبــی وەریگێــڕاون و بڵاویکردۆتــەوە، توێژەریــش بەڵگەنامەکانــی نــاو ئــەم ســەرچاوە گرنکــە بەمشــێوەیە:(مهمە دفــتری: رقــم دفــتر...، رقــم حکــم، ) بەکارهێنــاوە، بۆیــە ئــەم توێژینەوەیــە بەشــێوەیەکی زانســتیی توانیوویەتــی ســوودێکی زۆر لــە بەڵگەنامــە بڵاونەکــراوە و بڵاوکراوەکانــی عوســمانیی بــۆ نووســینەوەی مێــژووی پەرەســەندنی کارگێڕیــی ئەیالەتــی شــارەزوور لــە مــاوەی ١٥٦٤-١٦٠٠زدا وەربگرێــت.

## ١-دەروازە: سەنجەقی شارەزوور لەبەردەم ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا:

گۆڕانکارییــە ناوخۆییەکانــی ســەنجەقی شــارەزوور لــە پێشــئەوەی ببێتــە ناوەنــدی ئەیالــەت، کۆمەڵێــك رووداوی سیاسـیی، سـەربازیی، جڤاکییـی و ئابووریـی ڕوویانـدا کـە کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر رووداوەکانـی دواتـری ئەیالەتــی شــارەزووردا بەجێهێشــت، دەخالەتکردنــی ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی لــە رێگــەی ناردنــی فەرمانــی سـوڵتانی، هێـزی سـەربازیی و ناردنـی یارمەتـی داراییـی لـە رێگـەی ئەیالەتـی بەغـداد بـووە.

١-١: ئاڵنگارییەکانی جڤاك، خاك و سامان لە سەنجەقی شارەزووردا:

لەســەرەتای نیــوەی دووەمــی ســەدەی شــانزەهەمدا، بــە تەواویــی دوای جێگیربوونــی دەســەڵاتی ناوەندێتیــی عوسـمانیی لـە شـارەزووردا، کۆمەڵێـك رووداوی جڤاکییـی لـە نـاو ان دانیشـتووانەکەی ڕوویـدان، بـە تەواویـی دوای ئـەو گۆڕانکارییـەی کـە لـە سروشـتی دانیشـتووانی سـەنجەقی شـارەزوور بەهـۆی شـەڕ و ململانێیکانـی ناوخۆیـی و سـنوورەکانی لەگـەڵ ئیمپراتۆرێتیـی سـەفەویی دا هاتەکایـەوە، خەڵکێکـی زۆری شـارەزوور بـەرەو ناوچەکانـی تـر لەناوخـۆی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی کۆچیـان کـرد، ئەمـە بۆشـاییەکی گـەورەی لـە ڕووی نەبوونـی دانیشـتووانەوە لـە شـارەزوور هێنایـە ئـاراوە، بۆیـە ئـەو خەڵکـەی کـە هێنرابوونـە شـارەزوور وەك هـۆزە تورکـەکان و لەگـەڵ کوردانـی خۆجێـی ڕەسـەنی شـارەزوور وەك دوو کۆمەڵـی جیـاواز لـە رووی شـێوەی پێکهاتنـی کۆمەڵایەتـی، ئابووریـی، سیاسـیی و سـەربازییدا کەوتنـە ململانـێ لەسـەر خـاك بـۆ کشـتوکاڵکردن بەمەبەسـتی خۆبژێـوی و بەدەسـتهێنانی سـامان، کـە کرۆکـی سـەرەکیی لـە دەسـکەوتنی سـامان پەیداکردنـی سـەرباز و هێـزی زیاتـری ئابووریـی بـوو لـە چوارچێـوەی سیسـتەمەکانی دەرەبەگـی سـوپایی عوسـمانیی(تیمار و زەعامـەت)، بۆیـە لـەم چوارچێوەیـەدا کۆمەڵێـك پێشـهاتی گرنـگ ڕوویـدان، کـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیی تۆماریانکـردوون، وەك: لـە ١٥ کانوونـی دووەمـی ١٥٥٥زدا، ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی لـە فەرمانێکیـدا لەسـەر داوای مـوراد بەگـی میـری سـەنجەقی شـارەزوور فەرمـان بـە میـری میرانـی بەغـداد کـردووە، کـە بـڕی دە هـەزار ئاقچـە لـە میـران شـا کـە نۆکـەری میـری ئـەردەڵان بێگـە بـەگ بـووە وەرنەگـرن، لەبەرئـەوەی کاری کشـتوکاڵی کـردووە، لـە هەمـان کات دا فەرمانیکـردووە کـە گونـدە چۆڵبـوو و وێرانبـووەکان ئـاوەدان بکرێنـەوە(BOA: A.DVNS.MHM.Defter No ،Hüküm No.٠١ :١٦٣٠: ٢٦٧.).

لـەدوای جێگیربوونـی دەسـەڵاتی عوسـمانیی لـە شـارەزوور کێشـەی زەوی و موڵکـداری لـە نـاو ان عەشـیرەتی هاوردەکـراوی عوسـمانیی (صاریلـۆ) و عەشـیرەتی سـورخاب(کە زیاتـر ئەردەڵانییـەکان) لـە قـەڵای زەڵـم بوونـە لەسـەر کاری کشـتوکاڵکردن دێتەکایـەوە، ئەمـەش لـە دوای ناردنـی نامەیـەك لـە لایـەن مـوراد بەگـی میـری سـەنجەقی شـارەزوور بـۆ ئەسـتانبووڵ، بۆیـە لـە ١٧ی کانوونـی دووەمـی ١٥٥٥زدا وەڵامـی حکومەتـی عوسـمانیی ئـەوە بـووە کـە فەرمـان بـە میـری میرانـی بەغـدادی کـردووە، کـە گونـدە چۆڵبـوو و خاپووربووەکانـی شـارەزوور ئاوەدانبکرێنـەوە و بکرێـن بـە تیمار بـە بـڕی پێنـج هـەزار ئاقچـە (Hüküm.٠١:BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ١١١٧:No: ١٩٥)، ئەمـەش چارەسـەرێکی مامناوەنـد بـووە کـە ئەندامانـی هـەردوو عەشـیرەت گوندەکانـی دەوروبـەری قـەڵای زەڵـم و شـارەزوور بەشـێوەی (دەربەگـی سـوپایی-تیمار) ئـاوەدان بکەنـەوە، بـەڵام دوای ناردنـی دەفتـەری ویلایەتـی شـارەزوور لەلایـەن مـوراد بەگـەوە بـۆ ئەسـتانبووڵ، لـە فەرمانێکـی سـوڵتانی دا بـۆ ناوبـراو ئامـاژە بەوەکـراوە کـەوا ئـەو دەفتـەرەی بـۆ حکومەتـی عوسـمانیی (بابولعالـی) نێـردراوە، تێیـدا دیارینەکـراوە کـە کامـە خەڵـك سـەر بـە سـورخابە و کامەشـیان سـەر بـە قزڵباشـەکانن لـە سـنووری ناوخـۆی شـارەزووردا، بۆیـە

فەرمانکـراوە، کـە شاسـواری عەشـیرەتی صاریلـۆ و پیاوەکانـی یـەك بـە یـەك چەکداربکرێـن و زەوییـان پێبدرێـت بـۆ کاری کشـتوکاڵکردندا لەبەرانبـەردا پارێزگاریکـردن لـە شـارەزوور لـە ئەسـتۆی عەشـیرەتی ناوبراودابێـت، کـە ناوچەکـە بپارێزێـت وەك هەمـوو ناوچەکانـی تـر و بـە تەواویـی شـارەزوور ئاوەدانبکرێتـەوە و خانـووی زۆر جوانیشـی تێیـدا بنیاتبنرێـت(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: ٠١. Hüküm No:١٩٥:١١٢١).

شایانی باسـە؛ دوای سـەرهەڵدانی ئـەم کێشـەیە لـە قـەڵای زەڵـم لەسـەر زەوی و زاری کشـتوکاڵییدا، کـە قـەڵای زەڵـم؛ قەڵایەکـی گرنگـی سـەردەمی عوسـمانیی و یەکێـك لـە ناوەندەکانـی حوکمڕانـی شارەزوور لـە سـەدەی شـانزەهەمدا بـووە، مـوراد بەگـی میـری سـەنجەقی شـارەزوور دوای ئـەوەی نامەیـەك بـۆ سـوڵتان و حکومەتـی عوسـمانیی بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە دەنێـرێ، بەفەرمانێکـی سـوڵتانی زەعامەتێـك بـە بێگـە بەگـی کەتخـودای شـارەزوور لـە سـەنجەقی کەرکـوك بەبـڕی (١٠٠٠٠) هـەزار ئاقچـە ئەبەخشرێـت، لەبەرئـەوەی شـایانی بەزەیـی و چاودێریکردنـی سـوڵتانی عوسـمانیی بـووە، وەك لـە فەرمانێکـی سـوڵتانیدا ئاماژەی پێکـراوە(BOA:A.DVNS.MHM. Defter No: ٠١. Hüküm No:١١٢٠: ١٩٥)، بـەڵام لـە فەرمانێکـی تـری سـوڵتانیدا کەتخـودا بێگـە بـەگ، دانیشـتوانی قـەڵای زەڵـم و هۆزەکانـی ئـاوی و بارقـی تۆمەتبـار ئـەکات کـە ناوچەکانیـان لـە شـارەزوور بـۆ عەجەمـەکان جێهێشـتووە، کـە کاری کشـتوکاڵی تێیـدا بکـەن و زەوییـەکان بەبەهـای زەعامەتێك بوونـە، کـە نرخەکـەی نزیکـەی (٢٠٠٠٠) هـەزار ئاقچـە بـووە، بۆیـە داوای کـردووە کـە گونـد چۆڵبـوو و وێرانبـووەکان ئاوەدانبکرێنـەوە و بەخەڵکانێـك بدرێـن بـۆ ژیاندنـەوەی زەوییـەکان بەمەرجێـك کێشـەی لەسـەر نەبێـت(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: ٠١. Hüküm No:١١٢٢: ١٩٦)، لەپـاڵ سـەرهەڵدانی ئـەم کێشـەیە لـە شـارەزووردا، ئیمپراتۆریتیـی عوسـمانیی لای لـە هـۆزی بەڵقـاس کـە دانیشـتووی ناوچـەی شـوان-ئاغجەلەر بوونـە کردۆتـەوە، کـە لـە نـاو ان کەرکـوك و ناوەنـدی ئەیالەتـی شـارەزووردا، کـە لـە قـەڵای زەڵـم و گوڵعەنبەر(خورمـاڵ) بـووە زەویەکانیـان بـۆ تاپـۆ بکرێـن، کـە داوای کـردووە لـە تۆمارێکـی خاقانییشـدا تۆماربکرێـن(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: ٠١. Hüküm No:١١٢٣: ١٩٦)، ئەمـە لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسیشـدا ئیمپراتۆریتیـی عوسـمانیی خەڵاتـی کـردوون، کـە لەسـەر پێشـنیازی میـری سـەنجەقی شـارەزوور نـاوی پانـزە کەسـی لـە دەفتەرێکـدا تۆمـار کـراوە و بـۆ ئەسـتانبووڵی نێـردراوە، کـە بـۆ هـەر یـەك لـەو پانـزە کەسـە زەعامەتێکیـان لەسـەر شـێوازی (قلیـچ) پێبدرێـت بـۆ ئـەو تیپـەی سـوپای عوسـمانیی کـە لـە شـارەزوور هەڵگـری چـەك بوونە(سـەربازیی ئیمپراتۆریتیـی عوسـمانیی) بوونـە (BOA:A.DVNS.MHM. Defter No: ٠١. Hüküm No:١٩٦:١١٢٤)، بۆیـە لـە شـارەزووردا ئیمپراتۆریتیـی عوسـمانیی کاری لەسـەر چەنـد پایەکـی گرنـگ کـردووە، وەك: یەکـەم: پارێـزگاری و دابینکردنـی ئاسایشـی سنوورەکانی شـارەزوور کـە هاوسـنووری ئیمپراتۆریتیـی سـەفەویی بـووە، دووەم: هانـدان بـۆ کاری کشـتوکاڵی کـە سـەرچاوەی دابینکردنـی ئاسایشـی خـۆراك و پێداویسـتی ڕۆژانـەی خەڵـك بـووە لـەو سـەردەمدا، سـێیەم: دروسـتکردنی دەرفـەت بـۆ ڕەخسـاندنی کارکـردن و کۆکردنـەوەی داهات(سـامان) بـۆ دانیشـتووانی سـەنجەقی شـارەزوور. چـوارەم: سـوودمەندبوونی خەزێنـەی عوسـمانیی لـە وەرگرتنـی باجـی ئـەو زەویانـەی بـۆ کشـتوکاڵکردن بەکارهێـنراون.

هـەر لـەم چوارچێوەیەشـدا خەڵکـی ناحیـەی سـوورب، قـەڵای زەڵـم و هـۆزی ئـاوی لـە سـەنجەقی شـارەزوور کـە کـورد بوونـە، داوایانکـردووە کـە ئـەو زەویانـەی کـە بەشـێوەی تیـمار بـۆ کاری کشـتوکاڵی بەکارئەهێنرێـن بـە دە هـەزار ئاقچـە بخەمڵێنرێـن، بـەڵام فەرمانـی دیوانـی سـوڵتانی کـە بـۆ میـری میرانـی بەغـدادی نێـردراوە ئامـاژەی

بـەوە کـردووە کـە قانـوون لەسـەرووی هەمـوو شـتێك دایـە..!(Hüküm ,٠١:BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:١١٢٥ ١٩٦)، چونکـە وەك پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، زەویەکانـی سـەنجەقی شـارەزوور بەتێکڕایـی زەعامەتێـك خەملێـنراون، کـە بایـی (٢٠٠٠٠) هـەزار ئاقچـە بـووە، ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی بـە ناڕاسـتەوخۆ وەڵامـی نەخێـری بـۆ دانیشـتووانی ناوخۆیـی شـارەزوور و بـە تەواویـی خەڵکـی ناحیـەی سـووروب، قـەڵای زەڵـم و هـۆزی ئـاوی ناردۆتـەوە، بـەڵام لـەم وەڵامـەدا دوو پێواندنـی کارگێڕیـی عوسـمانییش ئاشـکرا ئەبـن، کاتێـك کـە گلەیـی لـە میرانـی خۆجێـی شـارەزوور ئـەکات کـە کاری کشـتوکاڵی ناکـەن و گوندەکانیـان بـۆ عەجەمەکان(سـەفەویی یـەکان) چۆڵکـردووە، وەك ڕۆیشـتنی بێگـە بـەگ لـە قـەڵای زەڵـم، وادیـارە بەهـۆی ئـەو تونـد مامەڵەکردنـەی عوسـمانییەکان بـووە لـە هاوکارینەکردنـی دانیشـتووانی شـارەزوور بـە تەواویـی لـە رووی کاری جوتیـاری و کشـتوکاڵیەوە.

ئـەم کێشـەیەی ئاماژەمانپێکـردووە شـایانی زیاتـری لێوردبونەوەیـە کاتێـك سـوڵتانی عوسـمانیی لـە فەرمانێکیـدا بەناونیشـانی بـۆ گەورەکانـی صاریلـۆ بەناوەکانـی (میـر نیعمـەت، عومـەر و ناظـر)ی نـاردووە، داوای لـە میـری سـەنجەقی شـارەزوور کـردووە، کـە ئـاگای لـە خەڵـك و هـۆزی صاریلـۆ بێـت، کـە لـە قـەڵای زەڵـم کاری پاسـەوانییان کـردووە، گونـدە چۆڵبـوو و وێرانبـووەکان ئـاوەدان بکەنـەوە(Hüküm .٠١ :BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:١١٢٦ ١٩٦)، ئاوەدانکردنـەوەی زەوییەکانـی شـارەزوور یەکێـك لـە کارە دووپاتکراوەکانـی دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی لـە میرانـی سـەنجەقی شـارەزوور بـووە، بـە تەواویـی لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی ئەیالەتـی شـارەزوور کـە قـەڵای سـەربازیی تێیـدا هەبـووە، وەك قـەڵای زەڵـم (Hüküm No ,٠١:BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:١١٢٧: ١٩٧). بۆیـە لـە نامەیەکـی میـری سـەنجەقی شـارەزوور لەسـەر داوای عەشـیرەتەکانی صاریلـۆ، زولقـەدەر، مەریـوان و دەوروبـەری داوای زەویـان لەنـاو زەڵـم بـۆ کاری کشـتوکاڵی کـردووە و دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانییش زەوی پێـداون بەشـێوەی تیـمار بەبـڕی چـوار هـەزار ئاقچـە بـۆ هـەر یەکێکیـان(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: .٠١ Hüküm No:١١٢٨: ١٩٧).

یەکێـك لـەکارە بەردەوامەکانـی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی خەملاندنـی داهاتـی زەوییەکانـی شـارەزوور بـووە، وەك زەوییەکانـی عوسـمان پاشـای والـی پێشـووی ویلایەتـی شـارەزوور، کـە لـە ناحیـەی بەڵقـاس لـە سـەنجەقی شـارەزوور زەوییەکانـی بەبـڕی بیسـت هـەزار ئاقچـە خەملێنـدراون(Hüküm ,٠١:BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:١١٣٦ ١٩٨)، لەپـاڵ ئـەم کارانـەدا گۆڕانکاریـی کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە سـەنجەق و ناحیەکانـی شـارەزووردا بەردەوامـی هەبـووە، وەك: لـە ١٥ی کانوونـی دووەمـی ١٥٥٦ دا فەرمـان بـە میـری سـەنجەقی تکریـت کـراوە، کـە سـەر بـە ئەیالەتـی بەغـداد بـووە، وەك پارێـزگاری قـەڵای مەریـوان لـە شـارەزوور دەسـتبەکاربێت، کـە بڕیـاردراوە بـڕی سـی هـەزار ئاقچـەی بـۆ سـەرفبکرێت، ئەمـەش لەسـەر پێشـنیازی میـری میرانـی بەغـداد موحەممـەد بـەگ بـووە بـۆ دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: .٠١ Hüküm No:١٣٠٠: ٢٢٠). بۆیـە لـە مـاوەی سـاڵانی ١٥٥٤-١٥٥٥زدا مـاوەی چەسـپاندنی دەسـەڵاتی عوسـمانیی و کەوتنەسـەرکاری خەڵکـی سـەنجەقی شـارەزوورە، کـە بـە کاری کشـتوکاڵیەوە خەریکبوونـە، بـەڵام سـاڵێك دواتـر و بـە تەواویـی لـە ١٣ی شـوباتی ١٥٥٦زدا ڕەوشـێکی نـوێ لـە شـارەزوور بـە تەواویـی لـە قـەڵا سـنوورییەکانی لەگـەڵ ئیمپراتۆرێتیـی سـەفەویی دێتەکایـەوە، وەك: هێرشـی سـورخاب بـەگ بـۆ سـەر قـەڵای گوڵعەنبـەر و دەستبەسـەرداگرتنی (BOA:A.DVNS.MHM.Defter No: .٠٢ Hüküm No:٢٢٤: ٢٦)، دوای ڕۆژێـك لـە ١٤ی شـوباتی ١٥٥٦ دا مـوراد بەگـی میـری سـەنجەقی پێشـووی

شــارەزوور لــە نامەیەکــدا داوای ســەنجەقی دەرتەنگــی لــە ئەیالەتــی بەغــداد لــە جیاتــی قــەڵای گوڵعەنبــەردا کــردووە، لەبەرئــەوەی ئاماژەیکــردووە کــەوا ناتوانــێ لــەو قەڵایــە کــە ناوەنــدی بەڕێوەبردنــی ســەنجەقی شــارەزوورە خزمــەت بــکات، چونکــە پیــر بــووە و توانــای جارانــی نەمــاوە..!(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:٠٢. Hüküm No:٣١٣: ٣٥)

شــایانی باســە؛ کــە بەهــۆی هێــرش و شــەڕی بەردەوامــی نــاوان میراتگرانــی میرنشــینی ئــەردەڵان دوای مردنــی بێگــە بێــگ لــە ســنووری ســەنجەقی شــارەزووردا، ئــەو دەســتەواژەیەی لــە نامەکــەدا نووســیبێ(پیر بــووە) واتــە: توانــای بەڕێوەبردنــی شــارەزوور و ئــەو ململانێیــە ســەختەی لەســەری کــراوە نەمابێــت، وەك دواتــر دەرئەکــەوێ لــە شــوێنی ئــەو بەکــر بەگــی میــری ســەنجەقی هەولێــر دەســتبەکار ئەبێــت، هــەر لەســەروبەندەدا داهاتــی تیمارەکانــی شــارەزوور بەشــێکیان بــۆ کاروبــاری پارێزگارییکــردن لــە ســنوور خەرجکــراوە، وەك داهاتــی گوندێــك بەنــاوی حاجــی موحەممــەد، کــە ســەر بــە ســەنجەقی زەنگەنــە بــووە، پێنــج یەکــی داهاتەکــەی کــە (١١٩٩) ئاقچــە بــووە بەفەرمانــی ســوڵتانی عوســمانیی لەســەرداوای میــری ســەنجەقی شــارەزوور بــۆ کاروبــاری ســنوور خەرجکــراوە، کــە کــۆی گشــتی داهاتــی ئــەو گونــدە نزیکــەی (٥٩٩٩) ئاقچــە بــووە BOA:A.DVNS.MHM.Defter No:٠٢, Hüküm No:١٠٠٧: ٩٨)).

## ٢-١: ئاڵنگارییەکانی سنوور، ئاسایش و گۆڕانکاریی کارگێڕیی:

لــە دوای داگیــرکاری یەکەمــی عوســمانییەکان بــۆ ســەر شــارەزوور هەندێــك عەشــیرەتیی تورکمانیــان بــۆ شــارەزوور هێنــاوە، لەوانــە: صاریلــۆ، کــە پشــتیوانی و پارێــزگاری لــە بەرژەوەندییــە باڵاکانــی ســەربازیی، سیاســیی و ئابوورییەکانــی عوســمانیی کــردووە، بــەڵام لــە هەمــان کات دا تووشــی تەنــگ و چەڵەمەیەکــی گــەورە هاتۆتــەوە لەلایــەن دانیشــتووانی ڕەســەنی شــارەزوور وەك شــەڕ و پێکدادانەکانــی لەگــەڵ دانیشــتووانی قــەڵای (ســازان)، کــە لەنامەیەکــی میــری میرانــی بەغــداد بــۆ دیوانــی ســوڵتانی نــاردووە ئامــاژەی بــە شــەڕێك لەســەرەتای پاییــزی ١٥٥٦زدا لــە نــاو ان ئەندامانــی عەشــیرەتیی صاریلــۆ و تائیفەیــەك لــە کــوردان لــە قــەڵای ســازان دا کــردووە، کــە ماوەیــەك عەشــیرەتیی صاریلــۆ تێیــدا نیشــتەجێ بوونــە، بــەڵام دواتــر دانیشــتووانی نــاو قەڵاکــە کــە کــورد بوونــە یاخیبوونیــان ڕاگەیانــدووە و لەئەنجامــدا لەلایــەن بەکــر بەگــی میــری ویلایەتــی شــارەزوور ســەرکوتکراون، بــەڵام فەرمــان بــە والــی ئەیالەتــی بەغــداد کــراوە، ئارامــی بگەڕێنێتــەوە شــارەزوور و عەشــیرەتەکان هێــرش نەکەنــە ســەر یەکــتری، ئەمــە بێجگەلــەوەی بەکــر بــەگ قــەڵای زەڵــم گرتۆتــەوە و هەندێــك لــە ســەرداری عەشــیرەتەکان نامەیــان نــاردوو بــە تەواویــی بەگــی تەرکیــل لــە شــارەزوور، کــە قەڵاکانــی تریــش دەستبەســەردابگرن.BOA:A. DVNS.MHM.Defter No:٠٢, Hüküm No:١٥٨٧: ١٧٤))، بــەڵام هیــچ وەڵامێــك لەلایــەن ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی و والــی بەغــداد بــۆ ئــەم پێشــنیازە نەبــووە.

ئــەم شــەڕ و پێکدادانــەی نــاوان هۆزەکانــی شــارەزوور و دەســەڵاتدارە خۆجییەکانــی بــە بەردەوامیــی ئامادەیــی لەســەر شــانۆی ڕووداوەکانــی شــارەزووردا هەبــووە، کاتێــك پیاوەکانــی بێگــە بــەگ لــە ناوەڕاســتی پاییــزی ١٥٥٦زدا هێــرش دەکەنــە ســەر کۆمەڵــی کەلهورییەکان(کلهــور جماعتــك) کــە لــە ژێــر ســەرکردایەتی بەهــزاد بــەگ دابوونــە و نزیکــەی ســەد خانوویــان خاپــوور ئەکــەن، بۆیــە میــر بەکــری ســەنجەقی شــارەزوور داوا لــە دیوانــی ســوڵتانی

عوسمانیی کردووە، ئەم خانووانە لە تۆمارەکانی سەرژمێری بسڕدرێنەوە، چونکە ناتوانرێت نۆژەنبکرێنەوە، بۆیە دیوانی سوڵتانیش پێشنیازەکەی پەسەند کردووە(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٢:Hüküm No:١٧٠١: ١٨٦))، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٥٥٧زدا بێگە بەگ داوای زیادکردنی مووچەی یەکەی حەوتەمی پاسەوانی قەڵا سنوورییەکانی کردووە، بۆیە بڕیاردراوە لە داهاتی تیمارەکان بە بڕی هەر دە ئاقچەیەك بە پاسەوانەکانی بدرێت(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٢:Hüküm No:١٩٢٠: ٢١٢)). بەڵام لە ٦ی شوباتی هەمان ساڵدا بڕیاردراوە کە دوو ئاقچە بۆ پاسەوانەکانی بلۆکی چوارەمی سنوور، کە ئەرکیان پاسەوانیکردنی قەڵای زەڵم بووە لەسەر داوای بێگە بەگ کۆی مووچەکەیان کراوەتە دوانزە ئاقچە، کە بەشێوەی پاسەوانی ڕۆژانەییەکان (گونللو) کاری پاسەوانیان کردووە(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٢:Hüküm No:١٩٨٣: ٢٢٠). بەڵام دوو ڕۆژ پێشتر لە ٤ی شوباتی ١٥٥٧زدا فەرمان بە بێگە بەگ دەکرێت، کە فەرمان بە ئەحمەد بەگ بۆ ئاوەدانکردنەوە و پارێزگاریکردن لە دەردۆری قەڵای گوڵعەنبەردا بکات(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٢:Hüküm No:٢٠٢٤: ٢٢٦)، ئەمەش گرینگی قەڵای ناوبراو بۆ عوسمانییەکان لە شارەزوور دەرئەخات.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٥٥٩زدا دیوانی سوڵتانی نامەیەکی بۆ میری سەنجەقی شارەزوور لەسەر یاخیبوونەکەی شازادە بایەزیدی کوڕی سوڵتان سلێمانی قانوونی ناردووە، تێیدا داوای لێکردووە کە داڵدە و یارمەتی ناوبراو نەدرێت و هەر زانیاریی یەکی ڕاست لەسەر ناوبراو دەبیستێت بەنووسراو بەسوڵتانی بگەیێنێت، هەروەها لە فەرمانەکەدا ئاماژە بەناردنی وێنەیەك لەم فەرمانە بۆ میری سەنجەقی هەولێر(ئەربیل)یش کراوە(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No:٥٧٤: ٢٠٦) لەم ئان و ساتی یاخیبوونی شازادە بایەزیدی کوڕی سوڵتان سلێمانی قانوونی، لە فەرمانێکی تایبەتی سوڵتانی عوسمانیی بۆ وەلی بەگی میری سەنجەقی شارەزوور، کە تێیدا داوای لێکردووە کە قەڵاکانی شارەزوور و گوڵعەنبەر ئەگەر پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوە، نۆژەنکردنەوە و پاسەوانی زیاتر هەبێت داوای یارمەتی دارایی لە بەڕێوەبەری دارایی(دفتردار) ئەیالەتی بەغداد بکات و هەروەها قەڵاکانی حەسەن ئاوا و سرۆچکیش زیاتر بەهێز بکات(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No:٦١٧: ٢٢٠). ئەمەش ئەو مەترسییەی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی لە فراوانبوونی یاخیبوونەکەی شازادە بایەزیدی کوڕی سوڵتان سلێمانی قانوونی دەرئەخات، چونکە سەنجەقی شارەزوور لە خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەدا هەڵکەوتبوو و قەڵای بەرگری عوسمانییەکان دژ بە سەفەویی یەکان بوو.

هەر لەم سەروبەندە دابوو کە لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٥٦٠دا میری سەنجەقی شارەزوور (وەلی بەگ) بە (بەکر بەگ)ی میری سەنجەقی هەولێر گۆڕدرا، لەبەرئەوەی بەکر بەگ لە دیدی کارگێڕیی عوسمانییدا کەسێکی بەخشندە و لێهاتوو بووە و دەیتوانی ئاسایش و ڕەفاهیەت فەراهەم بکات، کە تێیدا سەنجەقەکانی کەرکوك، ناحیەی شلون(شوان)، خراونەتە ژێر دەستەڵاتی ناوبراو بە داهاتی ساڵانەی نزیکەی(٦٦٢٦٢٥) هەزار ئاقچە بووە، هەروەها (٣٠٠٠٠) هەزار ئاقچەش وەك پلە بەرزکردنەوە چۆتە سەر داهاتی میری ناوبراودا، هەروەها داوای لێکراوە پەیوەندی بە والی ئەیالەتی بەغداد موراد بەگ بکات، بە تەواویی لە کاتی پێویستبوونی بە خۆراك و کەمبوونی لە کۆگاکانی خواردندا، هەروەها نامە بۆ موراد بەگ بنووسێ، هەرچەندە لە فەرمانە سوڵتانییەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە شارەزوور ناوچەیەکی ئاوەدان

و دەوڵەمەنــدە(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No: ٧٤١: ٢٥٦)).

لــەدوای دوو هەفتــە لــە دامەزراندنــی بەکــر بــەگ وەك میــری نوێــی ســەنجەقی شــارەزوور، لــەڕۆژی ١٢ی شــوباتی ١٥٦٠زدا دیوانــی ســوڵتانی فەرمانیکــردووە، کــە کەســێك بەناوی(حەســەن بــەگ)، کــە فەرماندەیەکــی ســوپای عوســمانیی بــووە لــە شــارەزوور داهاتێکــی زۆری لــە زەوییەکانــی خەواصــی ســوڵتانی، کــە زەوییەکانــی ســوڵتانی عوســمانیی بوونــە کۆکردۆتــەوە، زەرەرێکــی زۆری لــە خەڵکــی شــارەزوور داوە، بۆیــە فەرمــان بــە ئاڵابەگــی ســەنجەقی کەرکــوك و دلاوەر بــەگ کــراوە، بەدواداچــوون بــۆ ئــەو کەســە بکــەن و ئــەو پــارە زیــادەی وەریگرتــووە چارەســەری بکــەن، هەتــا ڕایانئەســپێرێ، کــە هــەر کێشــەیەکی تــری لــەم جــۆرە هەیــە چارەســەری بکــەن(.BOA:A DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No: ٧٨٠: ٢٧) .

دوای دوو مانــگ لــەم ڕووداوانــەی ئاماژەمانپێکــرد لــە ٢١ی نیســانی ١٥٦٠زدا پێشــهاتێکی نوێــی ســەربازیی بــۆ ســەنجەقی شــارەزوور هاتەئــاراوە، کاتێــك دیوانــی ســوڵتانی لــە فەرمانێکیــدا بــۆ بەکــر بــەگ میــری ســەنجەقی شــارەزوور، کــە ئــاگاداری دەکاتــەوە سورخاب بەگــی کــوڕی گــەورەی شــا حوســێنی ســەفەویی ئەیەوێــت لــە قــەڵای پــاوە نیشــتەجێ بێــت و هێزەکانــی لــە دەردۆری شــارەزووردا جێگیــر بــکات، خەریکــی کۆکردنــەوەی پــارە و خەڵکــە، بۆیــە داوا لــە بەکــر بــەگ کــراوە شــەڕ و ئاشــتی لــە دەســەڵاتی ئــەودا نییــە، بــەڵام ئامــادەکاری ســەربازیی بــکات و نامــە بــۆ فەرمانــدە ســوپاییەکان بنێرێــت بــەو مەرجــەی کــە نەزانرێــت چ کارێــك لــە ئارادایــە.BOA:A.DVNS MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No: ٩٨٤: ٣٣٧)). مەبەســتی ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی ئــەوە بــووە، کــە بەنهێنــی زانیاریــی لەســەر هێزەکانــی ســورخابی کــوڕی شــا حوســێنی ســەفەویی کۆبکاتــەوە و لــە هەمــان کات دا هێــزی ســەنجەق و ناحیەکانــی بــۆ هــەر ڕووبــەڕوو بوونەوەیەکــی لــە نــاکاو دژ بــە ســەفەویی یــەکان ئامــادە بــکات.

ئەمــەش وادیــارە بەمەبەســتی هێشــتنەوەی ئامادەکارییــە ســەربازییەکانی عوســمانیی بەشــێوەیەکی نهێنــی لــە ســەنجەقی شــارەزوور بــووە، مەترســی ئەوەیــان هەبــووە ئیمپراتۆرێتیــی ســەفەویی لــە ڕێگــەی ســیخوڕەکانیان ئــەو زانیاریــی انەیــان بەدەســت بــگات لــە ئەنجامــی هاتنــی ســورخاب بەگــی کــوڕی شــا حوســێنی ســەفەویی ، هەروەهــا پارێزگاریکــردن لــە قوڵایــی ســتراتیژیی شــارەزوور، کــە قــەڵای پــاوە بــووە لــە ژێــر دەســەڵاتی شــارەزووردا بمێنێتــەوە، بــەڵام ڕۆژێــك دوای ئــەم ئاگادارییــەی دیوانــی ســوڵتانی لــە ٢٢ی نیســانی ١٥٦٠زدا فەرمانیکــردووە بــە دامەزراندنــی دووســەد ســەرباز بــۆ پاســەوانییکردنی سنووری شــارەزوور بــە شــێوازی کرێــی ڕۆژانــە، بــەڵام لادان و دانانــی ئــەم ســەربازانە بــە فەرمانــی بەڕێوەبــەری دارایــی (دفــتردار) ئەیالەتــی بەغــداد ئەبێــت، دوای ناردنــی هــەر یــەك لــە نــاو و شــێوەی ڕووخســار و جەســتەیان(بەرزی بــاڵا و کێــش)، دواتــر لــە دەفتەرێکــی مۆرکــراودا تۆمــار بکرێــن و بــۆ ئەســتانبووڵ بنێردرێــت BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No: ١٠٠٣: ٣٤٢)). ئەمــەش ســەرەتاکانی هەژموونکردنــی بەغــداد بەســەر ســەنجەق و دواتــر ئەیالەتــی شــارەزوور و لەدوارۆژیشــدا بەســەر باشــووری کوردســتاندا دەرئەخــات بــە تەواویــی لــە ڕووی کارگێڕیــی، دارایــی و ئابوورییــەوە، کەواتــە: ئــەم هەژموونکردنــەی بەغــداد ڕیشــەیەکی مێژوویــی هەیــە..!

شــایانی باســە؛ لــە شــوباتی ١٥٦١زدا بەکــر بــەگ ئەگەڕێتــەوە ســەنجەقی هەولێــر بــۆ کارکــردن تێیــدا دوای ئــەوەی بــۆ مــاوەی ســاڵێك میــری ســەنجەقی شــارەزوور بــووە، هەرچەنــدە ســەنجەقەکانی کەرکــوك و هەولێریــش سەرپەرشــتی کــردووە، بــەڵام چۆتــە پایتەختــی ســەنجەقی شــارەزوور کــە قەڵاکانــی گوڵعەنبــەر و

زەڵــم بوونــە لەســەدەی شــانزەهەمدا و دواتــر گەڕاوەتــەوە ســەنجەقی هەولێــر(BOA:A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٤:No Hüküm:١٩١٦: ١٨٤) هــەر بۆیــە ســەرەتاکانی هێنانەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور وەك ئەیالەتێکــی ســەربەخۆی عوســمانیی دەرئەکــەوێ.

## تەوەری یەکەم: هێنانەکایەی (استحداث) ئەیالەتی شارەزوور ١٥٦٠-١٥٦٤ز:

لــە پێــش خستنەبەرباســی ســنووری ئەیالەتــی شــارەزووردا، گرنگــە ئامــاژە بــە مێــژووی دامەزراندنــی ئەیالەتــی شــارەزوور بکەیــن، کــە لەلایــەن توێژەرانــی هاوچــەرخ گفتوگۆیەکــی زانســتیی پتــەو پاڵپشــت بــە بەڵگەنامــە دەربــارەی کــراوە، بۆیــە بۆچوونــی ئــەم توێژەرانــە ئەخەینــەڕوو:

یەکــەم: هێنانەکایەی(اســتحداث) ئەیالەتــی شــارەزوور لــە ســاڵی ١٥٦٤دا بەپێــی ســەرچاوە مێژووییەکانــی عوســمانیی، کــە لــە پێشــوودا شــارەزوور ســەنجەقێك لــە چوارچێــوەی ویلایەتــی لورســتان لــە مــاوەی چارەکــی دووەم لــە نیــوەی یەکەمــی ســەدەی شــانزەهەمدا بــووە، بــە تەواویــی لــە نــووسراوە کارگێرییەکانــی ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی لــە ســاڵی ١٥٥١زدا، شــارەزوور لیوایەکــی ویلایەتــی لورســتان بــووە، بــەڵام لــە دوای ســاڵی ١٥٥٥زدا ویلایەتــی لورســتان هەڵئەوەشــێتەوە، لیــوای شــارەزوور دەبێتــە بەشــێك لــە ویلایەتــی بەغــداد، ناوهێنانــی شــارەزوور وەك ویلایــەت یــان ئەیالــەت لەســەرچاوەکانی مێــژووی عوســمانیی دا، چەنــد زانیاریــی یەکــی جیــاوازی لەبــارەوە هەیــە، وەك لــە ڕۆژی ٢٣ تەشرینــی دووەمــی ١٥٦٠ بــووە بــە ویلایەتەکــی ســەربەخۆ دوای ئــەو فەرمانــەی بــۆ ویلایەتــی بەغــداد نێــردراوە بــە دابڕاندنــی ناوچەکانــی (کبــاوە و باســکە) لــە ویلایەتــی بەغــداد بــۆ ســەر شــارەزووردا، بــەڵام بەپێــی دەفتــەری موهیممە(مهمــە دفــتری) لــە ١٣ی ئەیلولــی ١٥٦٤ ئامــاژە بــە فەرمانێــك کــراوە کــە بــۆ میــری میرانــی شــارەزوور نێــردراوە، کەواتــە ئەیالەتــی شــارەزوور لەوکاتــدا وەك ئەیالەتێکــی ســەربەخۆ هەبــووە و هاتۆتەکایەوە(بیــات، ٢٠٠٧: ٣٤٨، ٣٥٨-٣٦٠)، بۆیــە دەتوانیــن ١٣ی ئەیلولــی ١٥٦٤ بــە کاتــی هاتنەکایــەی یەکەییەکــی کارگێڕیــی بەنــاوی ئەیالەتــی شــارەزوور لــە ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی دیاریبکەیــن و بەپێــی ئــەو بەڵگەنامــە مێژوویانــەی لــەم بۆچوونــەدا خراونەتــەڕوو.

دووەم: لــەم بۆچوونــەدا دەربــارەی هاتنەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور لــە کارگێڕیــی عوســمانیی دا دوو بۆچــوون بەتــەواوکاری یەکــتری خراونەتــەڕوو، کــە لــە بۆچوونــی یەکەمیانــدا: ئامــاژە بــە بارودۆخــی سیاســیی و ســەربازیی پێــش هاتنەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور ئــەکات، هــەر لەســەدەی چواردەهــەم تــا شــانزەهەم بەدابەشــبوونی بنەماڵــەی حوکمڕانــی ئەردەڵانییــەکان لــە شــارەزوور بــۆ چــوار بەشــی لێکــترازاو دوای هاتنــە ســەر کاری مەئمــوون بەگــی ئەردەڵانــی و دوورخســتنەوەی بــۆ ســەنجەقی بابــل، ئەمــەش دوای ئــەوەی لــە بەرەنــگاری عوســمانییەکان کۆڵــی نــەدا، بــەڵام کوشــتارێکی گــەورە کــە بــۆ ماوەیەکــی دیاریکــراو بەردەوامبــوو ناچــار تەســلیمبوونی خــۆی بــە عوســمانییەکان ڕاگەیانــد، دوای ئــەم ڕووداوانــە زۆرینــەی ناوچەکانــی خرایــە ژێــر دەســەڵاتی عوســمانیی لــە چوارچێــوەی ئەیالەتــی شــارەزووردا لــە ٢٢ی حوزەیرانــی ١٥٦٦زدا و ســوڵتان ســلێمانی قانوونــی فەرمانــی بــە میــری میرنشــینی ئامێــدی (ســوڵتان حوســێن) کــردووە، کــە وەك پارێزگاری(مســتحفظ) ئەیالەتــی شــارەزوور دەســت بەکاربێــت (ڕۆوف، ٢٠٠٩: ٤٦-٤٩)، هەروەهــا لــە بۆچوونــی دووەمیانــدا: هــۆکاری هاتنەکایــەی ئەیالەتــی شــارەزوور ئەگەڕێنێتــەوە بــۆ ناکۆکییــە ســەربازیی و سیاســییەکانی ئیمپراتۆرێتیــی عوســمانیی و ســەفەویی ، لەبەرئــەوەی

شـارەزوور گرنگییەکـی لەڕادەبـەدەری بەهـۆی هەڵکەوتـەی جیۆگرافـی هەبـووە، وەك بنکەیەکـی پێشـەوەی خاڵـی سـنووری نـاوان هـەردوو ئیمپراتۆرێتیـی ئاماژەپێکـراو، هۆکارێکـی تریـش ئـەوە بـووە، کـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی چاوەڕێـی ئـەوە نەئەکـرد تـا میرەکانـی ئـەردەڵان بەهـۆکاری گـەورە بوونـی تەمـەن، خراپبوونـی دۆخـی تەندروسـتی، دوورکەوتنـەوە و لادانیـان لەسـەر حوکـم کۆتاییـان دێـت، بەڵکـو لـە شەسـتەکانی سـەدەی شـانزەهەمدا والـی لێهاتـوو بـە پلـەی میـری میـران (بەگلـەر بـەگ) بـۆ شـارەزوور نێردراوە و بەبێئـەوەی میرنشـینی ئەردەڵانیـش هەڵبوەشـێتەوە، کـە ئەمـە هـەر لـە سـەرەتاوە دیاربـوو، کـە دواتـر میرنشـینی ئـەردەڵان لەناوچەکانـی شـارەزووردا بـەرەولاوازی هەنگاوئەنێـت، چونکـە دەسـەڵاتدارییەتی عوسـمانیی پـەرەی ئەسـەند، ئەمـە بـوو بـە گوزارشـتێك لـە گواسـتنەوەی دەسـەڵاتدارییەتی لـە میرنشـینی (دەسـەڵاتداریەتی کـوردی) بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور (دەسـەڵاتدارییەتی عوسـمانیی) (رؤوف، ٢٠٢١: ٤٠٨-٤٠٩).

سـێیەم: لـەم بۆچوونـەدا بیرۆکـەی دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور بـۆ فەرماندەیەکـی چەرکەسـی بەنـاوی عوسـمان پاشـا لـە سـاڵی ١٥٥٤زدا کـە هەڵمەتێکـی سـەربازیی بـۆ سـەرناوچەی شـارەزووری ئەنجامـداوە ئەگەڕێنێتـەوە، بـەڵام ناوبـراو لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٥٥٤ کۆچـی دوایـی کـردووە و ئەیالەتەکـەش دانەمـەزراوە یـان نەهێنراوەتـە کایـەوە، وەك ئـەم بۆچوونـە جەختـی لێئەکاتـەوە، کـە ئەیالەتـی شـارەزوور لـە پێشـتردا نـاوی ئەیالەتـی لورسـتان بـووە و تەنهـا ناوەکـەی لـە ئەیالەتـی لوڕسـتان بەهەمـان سـنووری پێشـووی بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور گـۆڕاوە، لـە کۆتاییـدا ئامـاژە بـە مێـژووی دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور ئـەکات، کـە لـە سـاڵی ١٥٦٠زدا بووە(گولـی و الجـوادي، ٢٠١٩: ٦١)، چـوارەم: لـەم بۆچوونـەدا ئامـاژە بـە سـی و یـەك ئەیالەتـی عوسـمانیی لـە نـاو ان سـاڵانی ١٥٣٣-١٦١٠ دا کـردووە لەوانـە: ئەیالەتـی شـارەزوور، کـە لـە سـاڵی ١٥٥٤ بـە سـاڵی فەتحکردنـی شـارەزوور دادەنێـت، بـەڵام سـاڵی دامەزراندنـی ئەیالەتەکـەی دیارینەکـردووە و نەینووسـیوە..!(اینالجیك، ٢٠٠٢: ١٦٧-١٦٨)، ئەیالەتـی شـارەزوور تەنهـا ئەیالـەت بـووە کـە سـاڵی دامەزراندنەکـەی بەگوێـرەی ئـەم بۆچوونـە دیـار نییـە..!، بـەڵام لـە ئەنجامـی بەراوردکردنـی هـەر چـوار بۆچوونـی سـەرەوەدا ئەتوانیـن بنووسـین: کـە ئەیالەتـی شـارەزوور لەمـاوەی ١٥٦٠ تـا ١٥٦٤ پێکهاتـووە، بـەڵام بەپێـی بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیی یەکلاییـووە بـەوە کـە سـاتی هێنانەکایەی(اسـتحداث) ئەیالەتـی شـارەزوور لـە سـاڵی ١٥٦٤زدا بـووە، لەدوایـن سـاڵەکانی حوکمڕانـی سـوڵتان سـلێمانی قانوونـی دامەزرێنـدراوە، وەك ئـەو بەڵگەنامانـەی بڵاوکراونەتـەوە و هەروەهـا توێژەریـش کۆمەڵێـك بەڵگەنامـەی بڵاونەکـراوەی عوسـمانیی لەسـەر سـاڵی هاتنەکایـەی ئەیالەتـی شـارەزوور لـەم توێژینەوەبـەدا ئەخاتـەڕوو.

شـایانی ئاماژەپێکردنـە هەندێـك ئامـاژەی فەرمـی لـە تێنووسـی تۆمارەکانی(تحریـرات دفـتری) لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی دەربـارەی ئەیالەتـی شـارەزوور هـەن، مێژووەکـەی بـۆ سـاڵی ١٥٦٠ زائینـی ئەگەڕێتـەوە کـە تێیـدا ئەیالەتـی شـارەزوور نزیکـەی دە سـەنجەق و حـەوت ناحیـە و ٢٠٤ گوندیشـی هەبـووە، کـۆی دانیشـتوانی ئەیالەتەکـە نزیکـەی (٢٥٠٠٠) هـەزار کـەس بـووە، کـە دابەشـی سـەر (٥٠١٠) هـەزار خانوو-مـاڵ بوونـە، (٥٨) ماڵـی جولەکـە و (٤٩٥٢) مووسـڵمان هەبوونـە، کـۆی گشـتی باجـی ئەیالەتـی شـارەزووریش لەوکاتیـدا (٢,٣٧٦,٧٦٦) ملیـۆن ئاقچـە بـووە، کـە لـە سـەدا (٩٥٪) ئـەم داهاتـە لـە نـاو ان پادشـا و میـری سـەنجەقەکان و خەواصەکانـی شـارەزووردا دابەشـکراوە..! (Mahmud, ٢٠١٣: ٤٧٤).

هـەروەك لـە دەفتەرێکـی تـری خاقانیـی کـە مێژووەکـەی بـۆ ١١ی ئەیلولـی ١٥٦١زدا ئەگەڕێتـەوە، کـە لـە چوارچێـوەی ویلایەتـی بەغـداد دا بـاس لـە لیـوای شـارەزوور و سروچك(لیـواء شـهرزول و سروجـك تابـع ولایـت بغـداد) ئـەكات لـە نـاوان ١١ی ئەیلولـی ١٥٦١-٩ی ئـاداری ١٥٦٢زائینیـدا لـە لاپەڕەکانـی ١١٥٣-١١٨٥دا، کـە ئامـاری کۆکردنـەوەی داهاتـی گونـدەکان، کێڵگـەکان، ڕووبـار و زەوییـە کێڵدراوەکانـی شـارەزوور بـووە، هەروەهـا ژمـارەی ئـەو داهاتـەی هـەر ناحیەیـەك لـە چوارچێـوەی پەیکـەری کارگێڕیـی لیـوای شـارەزووردا کـە کۆکراوەتـەوە و تێیـدا دەقکـراوە (BOA: DFF.RZ.Defter No:١٤:١١٥٣-١١٨٥). هـەر لـەم دەفتـەرەدا دابەشبوونی کارگێـری شارەزوور بەمشـێوەیە نـووسراوە: شارباژێر(شـهربازار) فەرمانڕەواکـەی موحەممـەد بـەگ، حامیـەی میـری سـەنجەقی شـارباژێر موحەممـەد بـەگ، حامیـەی دلاوەر بـەگ میـری سـەنجەقی باجوانلـو، ناحیـەی کـوك دبـە (گـۆپ تەپـە) سـەر بـە کەرکـوك، حامیـەی موزەفـەر پاشـای میـری میرانـی ویلایەتـی شـارەزوور، ناحیـەی زەڵـم لـە لیـوای شـارەزوور، ناحیـەی شهران(سـۆران) سـەر بـە شـارەزوور، ناحیـەی سێوێ(سیوەیل)، ناحیـەی کـۆی، ناحیـەی داقـوق، ناحیـەی کەرکـوك، ناحیـەی سروچـك سـەر بـە ویلایەتـی شـارەزوور، لیـوای کەرکـوك(BOA: DFF.RZ.Defter No:١٤: ١١٥٣-١١٨٥).

شـایانی باسـە لـەم دەفتـەرە خاقانییـەدا کـە ژمـارە چـواردەی وەرگرتـوە، نـاوی شـارەزوور بـە بەگلەربەگ-میـری میرانیەتـی ئەهێنێـت واتـە ئەیالەتـی شـارەزوور، لـەدوای هەژمارکردنـی هەمـوو داهاتـی شـارەزوور ئامـاژە بەفەرمانێـك بـۆ میـری میرانـی شـارەزوور (شـهرزول بگلربکسـنه) لـە ٢٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٥٦١زدا ئـەكات، بـەڵام لەسـەرجەمی دەفتەرەکـەدا هـەر بـە لیـوای شـارەزوور ئامـاژە بـە دابەشـبوونی پەیکـەری کارگێڕییەکـەی ئـەكات(BOA: DFF.RZ.Defter No:١٤: ١١٦٠).

ئـەم دابەشـبوونە کارگێڕییـە تـا سـاڵی ١٥٦٣زدا هـەر باسـی لیـوای شـارەزوور ئـەكات، وەك لـە دەفتەرێـك بەناونیشـانی(دەفتەری سـاڵانەی تیـماری زەعامـەت) کـە لـە بنەڕەتـدا بـە دەفتـەری ژمـارە ١٥ هەژمارکـراوە و لـە ٥٥٤ لاپـەڕە پێکهاتـووە، کـە مێژووەکـەی بـۆ تەممـوز و ئابـی ١٥٦٣زدا ئەگەڕێتـەوە، لـە لاپـەڕە ٥٢٥-٥٣٣ی ئـەم دەفتـەرەدا نـاوی شـارەزوور لەگـەڵ نـاوی کەرکـوك دا هاتـووە، بەمشـێوەیە نـووسراوە، لیـوای شـارەزوور لەگـەڵ کەرکـوك، کـە سـەر بـە ئەیالەتـی بەغـداد بوونـە (BOA: DFF.RZ.Defter No:١٥: ٥٢٥)، بـەڵام لـەم دەفتـەرەدا کـە تایبەتـە بـە کۆکردنـەوەی داهاتـی زەوییەکانـی زەعامـەت لـە ناحیـەی سـۆران کـە سـەر بـە لیـوای شـارەزوور بـووە، لـە باسـی کۆکردنـەوەی داهاتـی ناحیەکـەدا بـاس لـە بەگلەربەگی(میـری میرانیەتـی شـارەزوور)، واتـە: ئەیالەتـی شـارەزوور لـە ١ی ئەیلولـی ١٥٦٢زدا ئـەكات، بـەڵام ئامـاژە بەنـاو و شـوێنی بەگلەربەگـی شـارەزوور نـاكات، ئەمـەش دوای ئـەوەی کـە باسـی داهاتـی سـەنجەقی حەسـەنکێف لـە بەگلەربەگـی دیاربەکـر ئـەكات. بـەڵام لـە باسـی زەعامەتەکانـی گونـدی باریـك کـە بەشـێوەیەی کرێـی سـاڵانە یـان دەیبـەك بـووە کـە مێژووەکـەی بـۆ ٣ی تەشرینـی یەکەمـی ١٥٦٢ نـاوی سـەنجەقی شـارەزوور ئەهێنێتـەوە بـەر بـاس(BOA: DFF.RZ.Defter No:١٥: ٥٢٦-٥٢٧)، بـەڵام لـەم دەفتـەرەدا دابەشـبوونی کارگێڕیـی لیـوای شـارەزوور لەگـەڵ کەرکـوك بەمشـێوەیە بـووە: ناحیـەی سـۆران، ناحیـەی کەرکـوك، ناحیـەی داقـوق (BOA: DFF.RZ.D.١٥: ٥٢٦-٥٢٩, ٥٣٢).

ئـەم گۆڕانکارییانـە لـە کارگێڕیـی عوسـمانیی بهبەردەوامیـی ئامادەیـی هەبـووە، سـەرەڕای گۆڕانکارییـە کارگێڕییەکانیشـدا ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی بهبەردەوامیـی قـەڵا سـەربازییەکانی شـارەزووری ئاوەدانکردۆتـەوە، وەك ڕاسـپاردنی (رەمـەزان چـاوش) لـە ٢٦ی ئابـی ١٥٦٣زدا بـۆ ئەیالەتەکانـی حەلـەب و دیاربەکـر بـۆ پێدانـی بڕێـك

پـاره لـه خەزێنەکانیـان کـە لـە فەرمانەکانـی دیوانـی سـوڵتانیدا بڕەکـەی دیارینەکـراوە، بـەڵام ئاگادارکراونەتـەوە یارمەتـی ناوبراوبـدەن، کـە بـە ئەمانەتـەوە ئـەو بـڕە داراییـە بگاتـە دیاربەکـر و لەوێشـەوە بـۆ شـارەزوور بەمەبەسـتی ئاوەدانکردنـەوەی قـەڵا سـەربازییەکان خەرجبکرێـت (BOA: A.DVNS.MHM.Defter No: ٠٦, Hüküm No: ١٢-١٣: ٥)، کەواتـە تـا کۆتاییەکانـی هاوینـی ١٥٦٣ شـارەزوور لـە رووی ناونیشـانی کارگێڕییـەوە، هـەر بـە (لیوا-سـەنجەق)دا هاتـووە، تەنهـا جارێـك نەبێـت کـە نـاوی میـری میرانیەتـی شـارەزوور لـە کۆتاییەکانـی کانوونـی یەکەمـی ١٥٦١ دا هاتـووە وەك ئـەوەی ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام نـاوی میـری میران(والیەکـە) تـا ئێسـتا لـە بەڵگەنامەکانـدا ئامـاژەی پێنەکـراوە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە پایتەختەکەیشـی(ناوەندی حوکمڕانـی) یەکـەی دیارینەکـراوە، بۆیـە هەمـوو بۆچووونـە راسـتێندراوەکان لەژێـر ڕۆشـنایی بەڵگەنامەکانـی عوسـمانییدا ئـەو بیروڕایـە ئەسـەلمێنێت کـە ئەیالەتـی شـارەزوور لـە ١٣ی ئەیلولـی ١٥٦٤زدا هاتۆتەکایـەوە.

بەپێـی سـەرچاوەکانی راسـتێندراو بـە بەڵگەنامـەی عوسـمانیی، لەسـەرەتای دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور لـە ١٥٦٤ز تـا لکاندنـی بـە ئەیالەتـی بەغـداد لـە ١٧٧٩زدا، ئەیالەتـی شـارەزوور سـێ پایتەختـی هەبـووە، یەکەمیـان: قـەڵای زەڵـم لەسـەرەتای دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور بـۆ مـاوەی سـاڵانی ١٥٦٤-١٥٧١ بـووە، هەروەهـا مەڵبەنـدی یەکەمـی ئەیالەتەکـە ناوچـەی شـارەزووریش بـووە، بـەڵام بەهـۆی دووری قـەڵای زەڵـم لەناوچەکانـی دەردۆری کـە زیاتـر ئـاوەدان بوونـە و سـەختی ڕێگەکـەی بـۆ گەیشـتن بـە زەڵـم، پایتەختەکـە بـۆ گوڵعەنبـەر گواسـتراوەتەوە، دووەمیـان: قـەڵای گوڵعەنبـەر؛ دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی لـە ٢٥ی حوزەیرانـی ١٥٧١زدا بڕیارێکـی دەرکـردووە، کـە قـەڵای ئاماژەپێکـراو ببێتـە ناوەنـدی ئەیالەتـی شـارەزوور، لەبەرئـەوەی لـە قـەڵای گوڵعەنبـەردا سـەربازێکی زۆری خۆبەخـش، ئینکشـاری و عەزبەکان(سـەربازانی پیـادە نهێنـی) و تۆپخانـە هەبـووە (کـۆچ، ٢٠٢٠: ل ٢٨-٢٩)، سـێیەمیان: شـاری کەرکـوك، لەسـەرەتاکانی سـەدەی حەڤدەهەمـدا هەتـا لکاندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور بـە ئەیالەتەکانـی بەغـداد و بـەسرادا لـە سـاڵی ١٧٧٩زدا، ئەمـە ئـەو تایبەتمەندییـەی ئەیالەتـی شـارەزوور بـووە، کـە دوو جـۆر تایبەتمەنـدی هەبـووە و ئەیالەتەکانـی تـر کەمـتر لـە چوارچێـوەی کارگێڕیـی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانییدا ئـەم تایبەتمەندیـان هەیانبـووە، یەکەمیـان: ئەیالەتـی شـارەزوور پایتەختـی جۆراوجـۆری لـە مـاوەی دامەزراندنـی هەتـا لکاندنـی بـە ئەیالەتـی بەغـداد و بـەسرادا هەبـووە، دووەمیـان: ئەیالەتـی شـارەزوور جیۆگرافیایەکـی گـۆڕاوی لـە رووی سـنووره ناوخۆییەکانـدا هەبـووە.

## تەوەری دووەم: سنووری ئەیالەتی شارەزوور لە ١٥٦٤-١٦٠٠ز:

سـنووری نـاوان ئیمپراتۆرییەتەکانـی عوسمانیی-سـەفەویی کـە بەسـەر خاکـی کوردسـتانی گـەورەدا لـە باکـوور بـۆ خۆرهـەڵات و باشـووری کێشرابـوو، کـە لـە باشـووری صـورخ ئۆغـڵان دەسـتی پێدەکـرد تـا دەگەیشـتە باشـووری چیـای تەنـدورەك بـۆ خاکـی چاڵدێـران لـە ئێـران بـۆ عەشـیرەتی مەرعـای حەیـدەری بـۆ گونـدی سـەرای و لەوێـش بـۆ چیـای ئێکرنـاڵ و لەوێـش دوای کەرتکردنـی ڕووبـار بـۆ ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی ئەپەڕێتـەوە بـۆ ناوچەکانـی کێلەشـین، قەندیـل، سەردەشـت، زێـی بچـووك و خاکـی ئـەردەڵان و پەڕینـەوە لـە زێـی سـیروان بـۆ قـەصری شـیرین لەوێـش بـۆ خۆرهەڵاتـی مەندەلی(صائـب، ٢٠١٨: ٢٠)، تێکڕایـی ئـەو سـنووره نزیکـەی (٧٠٠) میـل بـووە لـە کـۆی(١١٨٠) میـل بـووە لـە کەنـداوی عەرەبی-فارسـی تـا چیـای ئـارارات لـە سـنووری عوسمانیی-سـەفەویی دا.

کەواتـە نزیکـەی (١١٢٦,٥٤) کیلۆمەتـر کـە لـە سـەدا (٥٩,٣٢٪) ئـەو سـنوورەی نـاوان عوسمانیی-سـەفەویی بەنـاو خاکـی کوردسـتانی باکـوور، خۆرهـەڵات و باشـووردا تێپەڕیـوە (عەبدوڵـڵا، ٢٠٠١: ١٨).

هـەر بۆیـە دوای داگیـرکاری عوسـمانییەکان بـۆ سـەر هەرێمـی شـارەزوور ئەیالەتێکـی نوێیـان بەنـاوی شـارەزوور دامەزرانـد، کـە سـنوورێکی بەرفراوانـی لـە باشـووری کوردسـتان لەخـۆی ئەگـرت، وەك هەندێـك توێـژەر ئامـاژە بـە پارێزگاکانـی: سـلێمانی، هەولێـر، هەڵەبجـە، کەرکـوك و دیالـی ئێسـتادا دەکەن(سـاڵح، ٢٠١٦: ١٣١)، کـە ئەمـە سـنوورێکی بەرفراوانـی گـەورەی لـە رووی ڕووبـەری خـاك و ژمـارەی دانیشـتووان ئـەوکات و ئێسـتادا ئەگرێتـەوە، بـە تەواویـی لەسـەردەمی عوسـمانییەکاندا ناوچەیەکـی فراوانـی وەك ئەیالەتـی شـارەزوور سـتراتیژیی یەتێکـی گـەورەی لـە رووی سیاسـیی، ئابووریـی، سـەربازیی، جڤاکییـی و فەرهەنگـی ئەوکاتـەدا هەبـووە.

ئەیالەتـی شـارەزوور لەسـەدەی شـانزەهەمدا لـە بیسـت سـەنجەق پێکهاتبـوو، بـەڵام سـەدەیەك دواتـر ژمـارەی سـەنجەقەکانی لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهـەم گەیشـتۆتە نزیکـەی سـی و دوو سـەنجەق، کـە سـەنجەقەکانی ئەیالەتـی شـارەزوور زیاتـر ئـەو قـەڵا بەدیمەنانـە بـوون، کـە لـە سـەر تۆپکـی چیـاکان، تەنگـەکان و گەروەکانـدا بنیاتترابـوون، کـە گرنگییەکـی لـە ڕادەبـەدەری لـە رووی سـەربازیی هەبـوو، ئەمـەش لەبەرئەنجامـی شـەڕی بەردەوامـی نـاوان عوسـمانیی و سـەفەویی یـان شـەڕی نـاوان میرانـی کـورددا، هەروەهـا سـەنجەقەکانی شـارەزوور بـە سـەنجەقەکانی ئەیالەتـی بـەسرا چوێنـدراون، کـە لـەو ئەیالەتـەدا قـەڵای بەهێـز لەسـەر رۆخـی شـەتولعەڕەب دروسـتکرابوون بەمەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە هێرشـی بەردەوامـی هۆزەکانـی عەرەبـی دەوروبـەری بـەسرا بـۆ سـەر کەشـتییەکانی بازرگانـی لـە دەریـای کەنـداودا (مـراد، ٢٠١٨: ٥٤). قەڵاکانـی بـەسرا بـۆ ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی و دانیشـتوانەکەی مایـەی خێـری بازرگانیکـردن، دۆزینـەوەی کار و سـاغکردنەوەی بەروبومەکانیـان لەگـەڵ جیهانـی دەرەوەدا بـوون، سـەرەڕای ئـەوەی هێرشـی بەردەوامـی خێڵەکانـی عەرەبیـان لەسـەر بـووە، بـەڵام لەبەرانبـەردا قەڵاکانـی کـورد لـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـۆ دانیشـتوانەکەی هەمیشـە مایـەی ناخۆشـی، شـەڕ و ماڵوێرانـکاری بوونـە، چونکـە کەوتبوونـە نـاوان بەرداشـی دوو ئیمپراتۆرێتیـی مەزهەبگەرایی-سـەربازیی تۆقێنـەر، کـە تـا ئەمرۆیـش لێکـەوت و کاریگەرییەکانـی ئـەم ململانێیـە لەسـەر ناوچـەی شـارەزوور و دەوروبـەری بـە نـاوی دەوڵەتـی جیـاواز و نوێـدا بەردەوامـی هەیـە..!

وادیـارە ئـەم ناوچەیە(شارەزوور)لەسـەرەتای دەرکەوتنـی دەسـەڵاتدارییەتی عوسـمانیی لـە باشـووری کوردسـتان و دروسـتبوونی ئیمپراتۆرێتیـی سـەفەویی ، بـووە بـە جێگـەی ململانێیەکـی گەرمـی سـەدەکانی شـانزەهەم تـا سـاتی هەڵوەشـانەوەی ئیمپراتۆریەتەکانـی عوسـمانیی لـە ئیسـتانبوڵ لەگـەڵ ئیمپراتۆریەتـی سـەفەویی ، ئەفشـاری، زەنـدی و قاجـاری لـە ئێـران دا، هـەر بۆیـەش شارەزوور لـە مـاوەی هێنانەکایـەی لـە پەیکـەری کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە مـاوەی ١٥٦٤ زدا، بـە تەواویـی نەکەوتـە ژێـر دەسـەڵاتدارییەتی عوسـمانیی بـە هەمـوو سـەنجەقەکانیەوە، کـە دواتـر ئامـاژە بەناوەکانیـان ئەکەیـن، تـا مۆرکردنـی پەیماننامـەی فەرهـاد پاشـا لـە سـاڵی ٩٩٨کۆچـی/ ١٥٩٠ی زائینـی، کـە لـەو پەیماننامەیـەوە ئیمپراتۆرێتیـی سـەفەویی بـە تەواویـی دانـی بەگەڕانـەوەی شـارەزوور بـۆ ژێـر سـایەی حوکمڕانییەتـی عوسـمانیی نا(مـراد، ٢٠١٨: ٥٤).

لەسـەرەتاکانی دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزووردا لـە نـاوان سـاڵانی ١٥٦٤ تـا ١٥٧١زدا سـنوورەکانی تـا ناوچەکانـی مووسـڵ و بادینـان هەڵکشـاوە لـە باکـووری ئەیالەتەکـەدا وەك میرنشـینی ئامێـدی و سـندیی سلێڤانێ(سـەنجەقی

زاخـۆ) و مووسـڵ، کـە سـەنجەقێك بوونـە لـە ئەیالەتـی شـارەزووردا، شـایانی باسـە لـە ١١ی حوزەیرانـی ١٥٦٥ و لـە ٢٠ی حوزەیرانـی ١٥٦٦ دا بـۆ دوو جـار فەرمـان لەلایـەن والـی بەغـداد بـۆ سـوڵتان حوسـێنی ئامێـدی دەرئەچوێندرێـت وەك پارێـزگاری ئەیالەتـی شـارەزوور، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو تایبەتمەندییـەی بـە ئەیالەتـی بەغـداد لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی درابـوو، کـە ئەیالەتـی شـارەزووری خسـتبووە ژێـر سەرپەرشـتیکردنی والییەکانـی بەغـداد و زۆرێـك لـە فەرمانەکانـی سـوڵتان کـە پەیوەندیـدار بـوون بـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـۆ والـی بەغـداد دەنێردران(گولـی و الجـوادی، ٢٠١٩: ٦٢).

هــەر بۆیــە بــە وردبوونــەوە لــە بەڵگەنامەکانــی عوســمانیی ســنووری کارگێڕیــی ئەیالەتــی شــارەزوور لەمــاوەی ١٥٦٤-١٦٠٠ز ڕوونـتر ئەبێتـەوە، بـەڵام هەندێـك لـەو دەفتەرانـەی نـاو بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیی هـەر بەتەنهـا ئـەو یەکـە کارگێڕییانەیـان تۆمارکـردووە، کـە ژمێـرەی داهاتەکانیـان نـووسراوە و یـان ژمێـرەی داهاتەکانیـان لـەو یەکـە کارگێڕییانـە کۆکراوەتـەوە، بـەڵام هـەر چۆنێـك بێـت وێنەیەکـی ئـەو سـنوورە کارگێڕییـەی ئەیالەتـی شـارەزوور هەبیـووە لـە سـەدەی شـانزەهەمدا پێشـاندەدات، یەکێـك لـەو دەفتەرانـەی مێژووەکـەی بـۆ مـاوەی نـاوان سـاڵانی١٥٦٠-١٥٧٥ز ئەگەڕێتـەوە، کـە تایبەتـە بـە مێـژووی دەسـتبەکاربوون و دەسـتلەکارهەڵگرتنی میـری سـەنجەقەکانی ئەیالەتـی شـارەزوور، کـە سـنووری ئەیالەتـی شـارەزوور لەمـاوەی پانـزە سـاڵدا لەرێگـەی گۆڕانـی میـری سـەنجەقەکان تۆمارکـراوە، کـە پێکهاتبـووە لـە ناوەنـدی ئەیالـەت و سـەنجەقەکانی وەك: شـارەزوور، سروچـك، زەنگەنـە، بابـان، کلاش و ئـالان، کشـاف، چنـار و دیـر، باجـەڵان، هـەزار مێـرد، دۆلهـۆران، مـرکاوە، بـل طـاوی، کلاس(گـەلاس)، سـنە و زنجیـر، هەورامان(ابرومـان)، باسـکە، داودان، برنـد، قەڵعەغازی(قلعـەء غـازی)، چغـان کدوکی[چغـان]، کۆیە(کـوی)، شنۆ(اشـنو) ( BOA: Maliyeden Müdevver Defter(MAD). Defter No: ٥٦٣: ١٨٢-١٩٣).

هەروەهـا لـە دەفتـەری داراییـە گوازراوەکانـدا لـە ٦ی ئابـی ١٥٩٨ تـا ١١ی ئایـاری ١٥٩٩زدا، ناونیشـانی ئەیالەتـی شـارەزوور بەمشـێوەیەی نووسراوە:(لیـوای شـارەزوور و کەرکـوك)، کـە سـنووری کارگێڕییەکـەی بەمشـێوەیە پۆلێـن بەنـد کـردووە: هـەزار مێرد(میـری سـەنجەقەکەی وەلـی بـەگ)، ناحیـەی کەرکـوك، ناحیـەی زەڵـم، ناحیـەی ئەربیل(هەولێـر)، ناحیـەی داقـووق (BOA: Maliyeden Müdevver Defter(MAD). Defter No: ١٥٣٠٩: ٥٨-٧٣.).

تەوەری سێیەم: پەرەسەندنی کارگێریی عوسمانیی لە ئەیالەتی شارەزوور:

پەرەسـەندنی کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە شـارەزووردا لەسـەر بنەمـای بەرێوەبـردن و خەسـڵەتەکانی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی لـە بەڕێوەبردنـی ئەیالـەت، سـەنجەق، حکومـەت و میرنشـینە میراتگـرەکان بەرجەسـتە ئەبـوو، بـەڵام هەندێـك لـەم دابەشـکارییە کارگێڕییانـە لـە ژێـر ناونیشـانی سـەنجەق یـان حکومـەت و زەعامـەت، کـە شـێوازێکی دەربەگییانـەی خۆرهەڵاتـی پێـوە دیـار بـوو وەك: تیـمار و زەعامەتەکان(دەرەبەگـی سـوپایی) کـە لەلایـەن ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی تەپـڵ و ئاڵایـان پێنـەدراوە، واتـە: سـەربەخۆی بەڕێوەبردنیـان نەبـووە، بـەڵام لەگـەڵ میـری سـەنجەقەکان بەشـداری شـەڕەکانیان کـردووە، ئەگـەر لـە مەیدانـی شـەڕدا کوژرابـان ئـەوا زەعامەتەکەیـان دەبـوو بـە میـرات بـۆ منـداڵ و نەوەکانیـان، شـایانی ئامـاژە پێکردنـە لـە کوردسـتان و لـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـە تەواویـی هـەردوو شـێوازی میراتگری(ئۆجاقلـق) و موڵکداری(یورتلـق) بـاوی هەبـووە، کـە لـەم دوو شـێوازەدا سیسـتەمێکی دەرەبەگیانـەی خۆرهەڵاتـی جێکەوتبـووە، چونکـە موڵکـداری ئەنجامێکـی نەگـۆڕی هەبـووە،

بەڵام میراتگری(ئۆجاقلق) ئەگەر گۆڕانکاریی تێیدا هەبووبێت، بۆ نموونە: ئەگەر هیچ میراتگرێکی شەرعی نەبووبێت ئەوا دراوەتە خەڵکێکی تر، کە دواتر ئەم شێوازنە بۆ سەنجەق و میرنشینەکانیش گۆڕان(جرامون، ٢٠١٣: ٣٩).

هەر بۆیە دابەشبوونی کارگێڕیی لە ئەیالەتی شارەزووردا بە بەردەوامی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، هەروەکو ئەمە تایبەتمەندییەکی کارگێڕیی عوسمانیی بووە، بە تەواویی بنەماکانی گۆڕانکاریی جێگیر نەبووە، بەڵکو لە ناو ان کاتێك بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، هەرچەندە لە سەدەی شانزەهەمدا ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆی کوردستانی کردووە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکیی، یەکەم: پێگەی کوردستان ستراتیژیی ەتییەکی پڕ بایەخی لەلایەن ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی هەبووە، کە تێیدا سوودی لە تۆپۆگرافیا و توانستە مرۆییە سەربازییەکانی کوردی وەرگرتووە بۆ شەڕکردن دژ بە ئیمپراتۆرێتیی سەفەویی ، دووەم: زاڵبوون و حوکمی ڕاستەوخۆ بەسەر کوردستاندا زۆر سەخت بووە، بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆگرافیی و چیا سەخت و دژوارەکانی بووە(مراد، ٢٠١٣: ٦).

هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا، ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی لە دابەشکردنی پەیکەری کارگێریی شارەزووردا سێ شێوازی پەیڕەولێکراوی جێبەجێکردووە، کە بەمشێوەیەی خوارەوە لە ئەیالەتی شارەزووردا سێ جۆر سەنجەقی لە بەڕێوەبردندا هێنایە کایەوە، یەکەمیان: سەنجەقی حکومەتەکان، وەك: حکومەتی سۆران(حکومت سهران یان حکومت شهران)، ئەم میرنشینە سەربەخۆی خۆیی لە ڕووی بەڕێوەبردن و داراییدا هەبوو، گواستنەوەی دەسەڵات لەناو بنەماڵەی میرانی سۆران پشتاوپشت بووە، دەرامەت و باجەکانی سنوورەکەی بۆ خەزێنەی میرنشینەکە بووە، هەروەها زەوییەکانی و خەڵکەکەی بۆ سەرژمێری دانیشتوان و ڕووپێوی باج و دەرامەتەکانی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی ملکەچ نەبوونە، دووەم: سەنجەقی میراتگری(اوجاقلق) و موڵکانەکان یان موڵکداری(یورتلق)، لە ئەیالەتی شارەزووردا چوار سەنجەق هەبوونە، وەك: هودی-حوری، زەنگەنە، کۆیە، دۆلقەران یان دۆڵهۆران(دۆڵی گۆران-شارباژێر)، کە ئەم سەنجەقانە میرەکانیان پێویست بووە بە تەواویی ملکەچی دەسەڵاتی عوسمانیی بن، هیچ سەربەخۆییەکی دارایی و بەڕێوەبردنیان نەبووە، بەڵکو دەبوایە: باج بە خەزێنەی عوسمانیی بدەن، سەرباز بۆ شەڕەکان بنێرن، زەوی و خەڵکەکەی سەرژمێری دانیشتوان و ڕووپێوی باج و دەرامەتەکانی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی دەیگرتنەوە، وەك شێوازی کەرتێکی سەربازیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، میرەکەی لادەدرا ئەگەر دڵسۆزی و وەفای بۆ پابەندبوونەکانی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی نەنواندبوایە، بۆیە کەسێکی تر لە خێزانەکەی بە میر دادەنرا، لەکاتی کوێربوونەوەی خێزانی میری سەنجەقەکەشدا دەدرا بە سەنجەق بەگێکی تر و لەسەردەمی عوسمانیی دا ناویان لەم سەنجاقانە نابوو (سەنجەقەکانی کورد). سێیەم: سەنجەقی عەشیرەتەکان(عشیرت سنجقی)، زۆرێك لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزووردا لە چوارچێوەی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا ڕێکخرابوون، وەك سەنجەقی باجلان(باجوانلو سنجقی) کە دواتر خرایە سەر ئەیالەتی بەغداد، ئەم جۆری بەڕێوەبردنە بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی بوو، کە بە سەرۆکی عەشیرەتەکان سپێردرابوو(مراد، ٢٠١٣: ٧-٨).

دوای دامەزراندنی ئەیالەتی شارەزوور لە ساڵی ١٥٦٤زدا، بەبەردەوامیی لەناوخۆی ئەیالەتی ناوبراو و دراوسێیکانی گۆڕانکاریی کارگێڕیی لەلایەن ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی ئەنجامدەدرا، بە تەواویی لە لکاندن

تـا پچڕاندنـی سـەنجەقێك یـان ناوچەیـەك بـۆ سـەر ئەیالەتـی شـارەزوور و یـان بەپێچەوانـەوە، بۆیـە لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیی بهبەردەوامیـی ئـەو گۆڕانکارییـە دەبینرێـت، لـە هەمـان کات دا سـیمایەکی کارگێریـی پەرەسـەندوو بـووە لـە مێـژووی حوکمڕانییەکـەی لـە کوردسـتانی بندەسـتی عوسـمانییدا، بـۆ نموونـە: لکاندنـی لیـوای مووسـڵ بـە ئەیالەتـی بەغـداد لـە ٢٤ی شـوباتی ١٥٦٦زدا فەرمانێکـی سـوڵتانی بـۆ میـری میرانی(بەگلـەر بـەگ) بەغـداد نێـردراوە، کـە سـەنجەقی مووسـڵ لـە ئەیالەتـی شـارەزوور دابڕێنـدراوە و بـۆ جـاری دووەم بـە ویلایەتـی بەغـداد لکێندراوەتـەوە، لـە هەمـان کات دا دوای پەنجـا ڕۆژ لـە بڕیارەکـەی سـەرەوە فەرمانێکـی تـر نێـردراوە بـۆ میـری میرانی(بەگلـەر بـەگ) شـارەزوور لـە ١٥ی نیسـانی ١٥٦٦زدا، کـە تێیـدا داواکـراوە دەفتەرەکانـی تاپـۆی لیـوای مووسـڵ بـۆ میـری میرانـی بەغـداد بنێرێـت، ئەمـەش دوای ئـەوەی کـە سـەنجەقی مووسـڵ لـە چوارچێـوەی ئەیالەتـی دیاربەکـردا بـووە تـا سـاڵی ١٥٣٤ و دواتـر لکێنـدراوە بـە ئەیالەتـی بەغـداد، بـەڵام لەگـەڵ دامەزراندنـی ئەیالەتـی شـارەزوور بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ ١٥٦٤-١٥٦٦ وەك سـەنجەقێك لـە چوارچێـوەی کارگێڕییـی ئەیالەتـی شـارەزوور (مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر ٦, رقـم حکـم ٣٢٧: ١٥١) بـووە، ئـەم گۆڕانکارییانـە وەك پەرەسـەندنێك لـە نـاو سـنووری ئەیالەتـی شـارەزوور بەردەوامـی هەبـووە، بۆیـە بـووە بـە سـیمایەکی کارگێڕییـی عوسـمانیی لـە شـارەزوور هەتـا کۆتایـی سـەدەی شـانزەهەمدا.

دوای گواسـتنەوەی والـی شـارەزوور بـۆ بەغـداد لـە سـاڵی ١٥٦٧زدا، فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانی لـە ئیسـتانبوڵ فەرمـان بـە والـی سـێواس(ڕۆم) ئـەکات، کـە بچێتـە شـاری کەرکـوك، چەنـد میرێکـی سـەنجەقەکان و سـەربازەکانیان لەگـەڵ خـۆی بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور ببـات و کار بـۆ پاراسـتنی قـەڵای گوڵعەنبـەر بکـەن، بـەڵام دوو لەمیـری سەنجەقەکانی(سـێواس) بـە سـەربازەوە بـۆ ناوەنـدی شـارەزوور بنێرێـت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە دەبێـت چاودێـری خێڵەکانـی ئەیالەتەکـەی بـکات، هەمیشـە سـەربازەکانی لـە ئامادەباشـی دابـن بـۆ سـڵکردنەوە لـە هەڵایسـانی شـەڕی خەڵکـی خراپـەکار و تاوانـکاردا، هەروەهـا چاودێریکردنـی جموجۆڵەکانـی ئێـران (سـەفەویی یـەکان)، هەروەهـا والـی شـارەزوور ئـاگادار کراوەتـەوە کـە لـە بارودۆخەکـە غافـڵ نەبێت(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر٧, رقـم حکـم ٣١٩: ١٢٤).

سـەرەڕای ئـەم گۆڕانکارییانـە لـە یەکـە کارگێڕییەکانـی ئەیالەتـی شـارەزووردا، لەسـەرەتای دامەزراندنـی ئەیالەتەکـەدا، کێشـەی پایتەختەکـەی لـە نـاو ان والیەکانـی و حکومەتـی عوسـمانیی (بابولعالـی) لـە ئیسـتانبوڵدا سـەرهەڵدەدات، دوای ئـەوەی کـە والییەکانـی شـارەزوور شـاری کەرکـوك هەڵدەبژێـرن بـۆ ناوەنـدی ئەیالەتەکـە، لەبەرئـەوەی لـە شـارەزووردا کۆشـکی حوکمڕانـی (سـەرا-Saray)، مزگـەوت و گەرمـاوی تایبـەت بـە خـۆی نەبـووە، بۆیـە لـە ٢ی ئەیلولـی ١٥٦٨ تـا ٣١ی ئایـاری ١٥٧٢ دا، سـێ فەرمـان لـە دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی بـۆ والییەکانـی (میـری میران-بەگلـەر بـەگ) شـارەزوور دەردەچوێندرێـن، کـە لـە یەکـەم و دووەم فەرمانـدا جەخـت لەوەکراوەتـەوە، کـە شـارەزوور بکرێتـەوە ناوەنـدی ئەیالەتەکـە و لـە ٢ی ئەیلولـی ١٥٦٨ دا فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانی بـۆ میـری میرانـی (بەگلـەر بـەگ) شـارەزوور کـە پێـی ڕاگەێنـدراوە لـە ناوچـەی شـارەزوور بمێنێتـەوە و لەگـەڵ سـەربازەکانی دابێـت، ئەگـەر سـەربازەکانی پەیوەسـت نەبـن ئـەوا نـاو و زانیاریـی دەربـاری شـێوە و جەسـتەیان بنووسـێت و کەسـانی تـر لـە شـوێنیان دابنرێت(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر ٧, رقـم حکـم ٢١٩٣: ٨٠١).

دوای ئـەم فەرمانـە دیوانـی ناوبـراو بـۆ جارێکـی تـر جەخـت لـە فەرمانەکەیـان لـە ٢١ی تەشرینـی یەکەمـی

١٥٦٨زدا ئەکاتەوە، کە دەبێت بەزووترین کات میری میرانی شارەزوور بچێتە ناوچەکە لەگەڵ دەستەیەك لە سوپای ئینکیشاری، هەر کەسێك لە سوپای ناوبراو پابەند نەبێت ئەوا زەوییەکانیان لێبسەندرێتەوە کە پێیان بەخشراوە و بدرێت بە کەسانی ئازا و لێهاتوو، هەروەها لەفەرمانەکەدا ئاماژە بەوەکراوە, کە ئەگەر میری میرانی شارەزوور نەیتوانی شوێنی ئەمانە پڕبکاتەوە ئەوا نامەیەك بۆ حکومەتی عوسمانیی (بابولعالی) بنێرێت بۆ ئەوەی ژمارەی پێویستی ئەو کەسانەی کە خەڵکی ئازای ڕۆم(ئەیالەتی سێواس) ن, لە شارەزوور دابمەزرێنێت، کە توانای بەشداریکردنیان لەشەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا هەبووە، کە ئەوانەی ئەنێردرێن لەئەوپەڕی ڕێکخراوەیی(دیسپلینی سەربازیی) و کەماڵ دابن (مهمە دفتري, رقم دفتر٧, رقم حکم ٢٣٣٣: ٨٥٢). ئەمەش بەپێی فەرمانی حکومەتی عوسمانیی(بابولعالی) لە ئەستانبووڵدا، کە بەردەوام جەختیان لە قایمکردنی پێگەی شارەزوور کردۆتەوە، بە تەواویی لە هەمبەر هەژموونی سەفەویی یەکان لەسنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا، بۆیە ئامادەبوونە سەرباز لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ و بەڵقان بۆ شارەزوور ڕەوانە و دابین بکەن.

شایانی باسە؛ گۆڕانکارییە کارگێرییەکانی عوسمانیی لە ئەیالەتی شارەزوور هۆکاری جۆراجۆری لە پاڵ بووە، بۆ نموونە دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ کارخانەکانی شەڕ وەك بەرهەمهێنانی (باروت) لە ناوەندی ئەیالەتی بەغداد دا، وەك دابڕاندنی لیوای (باجوان) لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ سەر ئەیالەتی بەغداد، کە هەرچەندە لە ناوەندی شاری بەغداد دووربووە، ئەمەش بەمەبەستی دابینکردنی داری پێویست بۆ کارخانەی باروت لە ئەیالەتی ناوبراودا بووە، بەهۆکاری ئەوەی زۆرجار ڕێگە لە کارمەندانی کارخانە جەنگیەکەی ئەیالەتی بەغداد گیراوە، کە ڕێگەیان نەدراوە دار لە سنووری ئەیالەتی شارەزوور ببڕنەوە لەبەرئەوەی باجوان لە سنووری کارگێڕیی ئەیالەتی بەغداد دا نەبووە، بۆیە دیوانی سوڵتانی عوسمانیی لە ٢٤ی تەشرینی یەکەمی ١٥٧٠ بەدوونووسراوی جیاواز هەر یەك لە میری میرانی شارەزوور و بەغدادی لەسەر ئەو گۆڕانکارییە ئاگادارکردۆتەوە، لە هەمان کات دا فەرمانی بە والی ئەیالەتی شارەزوور کردووە، کە دەفتەرەکانی ئیجمال و موفەصەڵ بنێرێتە ناوەندی ئەیالەتی بەغداد(مهمە دفتري, رقم١٤, رقم حکم ٨٣٠-٨٣١: ٥٨١), بەڵام لە ساڵانی ١٥٧٠ کاندا ئەیالەتی شارەزوور نزیکەی (٢٤) سەنجەق یان لیوا بووە، بەڵام بەهۆی بەردەوامی شەڕی عوسمانیی و سەفەویی لەماوەی ساڵانی ١٥٧٨-١٥٩٠زدا ژمارەی سەنجەقەکانی بووە بە هەشت سەنجەق (Mahmud, ٢٠١٣: ٤٧٤).

دوای گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ناوان ئەیالەتی شارەزوور و بەغداد دا، بۆ لکاندنی دوو سەنجەق بە ئەیالەتی بەغداد دا، بۆیە فەرمانێکی دیوانی سوڵتانی لە ٣١ی ئایاری ١٥٧٢ بەمیری میرانی شارەزوور ئەگەیێندرێت، کە ناوچەی شارەزوور بۆ نیشتەجێبوون و مانەوەی تییدا شیاو نیە(اوتورمغە قابل اولميوب)، بەڵکو شاری کەرکوك بۆ نیشتەجێبون شیاوتر بووە(نفس کرکوکدە اوتورلمغە قابلدر)، بەڵام بەو مەرجەی پارێزگاری و چاودێری تەواوی وڵاتی شارەزوور بکرێت و بارودۆخەکەی بەرزەفت بکرێت(مهمە دفتري, رقم دفتر ١٩, رقم حکم ١١٨: ٥٣). لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەڵگەنامەیەدا کەرکوك دەبێتە ناوەندێکی گەورەی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی شارەزوور وەك پایتەختی ئەیالەتەکە لەدواتردا، هەروەها دەبێتە ناوەندی چاوتێبڕینی ئیمپراتۆرییەتەکانی سەدەی شانزەهەم و سەدەکانی دواتر لەسەر ڕۆڵ و گرنگی پێگەی کەرکوك

بـە تەواویـی لەلایـەن ئیمپراتۆریێتیـی عوسـمانییەوە. بۆیـە کەرکـوك کراوەتـە پایتەختـی ئەیالەتـی شـارەزوور، لەبەرئـەوەی ڕەگەزەکانـی شـاری تێیـدا بەرجەسـتە بـووە، بـەڵام لەشـارەزووردا ناوچەیەکـی ئاوەدانـی وەك شـاری کەرکـوك نەبـووە یـان بنەمـا سـەرەتاییەکانی شـاری تێیـدا هەبوویێـت.

گۆڕینـی پەیکـەری کارگێڕیـی، دابڕانـدن و گەڕاندنـەوەی یەکـە کارگێڕییـەکان لـە نـاو ان ئەیالەتەکانـدا کارێکـی بەردەوامـی بیرۆکراتیەتـی کارگێڕیـی عوسـمانیی بـووە، دوای ئـەوەی لـە ساڵی ١٥٦٣زدا لیـوای مووسـڵ خرایـە سـەر شـارەزوور و دواتـر کـرا بەلیوایـەك لـە ئەیالەتـی بەغـدادا وەك پێشـتر باسـکراوە، شـایانی ئامـاژە پێکردنـە لـە ڕۆژی ٢٠ی ئایـاری ١٥٧١دا بەفەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانی دیسـان لیـوای مووسـڵ کرایـەوە بەشـێك لـە ئەیالەتـی شـارەزوور، لـە فەرمانەکـەدا بـە میـری میرانـی بەغـداد ڕاگەێنـدراوە، کـە دەبێـت دەفتـەری ئیجـمال و موفەصەڵ(اجـمال ومفصـل دفترلریـن) بەکیسـێکدا بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور بنێردرێت(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر١٠, رقـم حكـم ٥٢٨: ٣٢٩ و مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر١٤, رقـم حكـم ١٤٠٨: ٩٥٠). هـەر لەهەمـان ڕۆژدا فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانیش بـۆ میـری میرانـی شـارەزوور دەرچـووە، کـەوا لیـوای مووسـڵ بـە ئەیالەتـی شـارەزوور گرێدراوەتـەوە، لـەو فەرمانـەی کـە بـە میـری میرانـی بەغـداد کرابـوو و ئاگادارکرابویـەوە کـەوا دەفتـەرە ئاماژەپێکـراوەکان بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور ئەنێرێـت و پێویسـتە بیانپارێزێت(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر١٠, رقـم حكـم ٥٢٩: ٣٢٩ و مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر١٤, رقـم حكـم ١٤٠٩: ٩٥٠).

پەرەسـەندنی سیسـتەمی کارگێڕیـی ئیمپراتۆریێتیـی عوسـمانیی لـە ئەیالەتـی شـارەزوور پەیوەسـتی بـە ئامادەگـی سـەربازیی لەناوچەکـەدا هەبـووە، چونکـە کار ڕاسـپێدراوانی عوسـمانیی لـە ڕێگـەی بنیاتنانـی قـەڵا سـەربازییەکان یـان ئاوەدانکردنـەوەی قەڵاکانـدا دەسـەڵاتی کارگێڕیـی و سـەربازییان بەسـەر ناوچەکانـی ئەیالەتـی شـارەزووردا سـەپاندووە، هـەر بۆیـە لـە فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانی بـۆ میـری میرانـی شـارەزوور لـە ئایـاری ١٥٧٢ دا، ئامـاژە بـە قـەڵای گوڵعەنبـەر (خورمـاڵ) ئـەکات، کـە تێیـدا سـەربازە پەڕاگەندەکانـی ئەیالەتـی شـارەزوور، کـە کەوتبونـە شـاری بەغـداد و شـارەبان بگەڕێندرێنـەوە لەناوچـەی کەرکـوك یـان داقـووق شـوێنی نیشـتەجێ بونیـان بـۆ دابیـن بکرێـت و بەشـێوەیەکی نۆبەتـداری لـە قـەڵای گوڵعەنبـەر کاری سـەربازیی وەك سـەربازەکانی ئینکشـاری و پیـادەی نهێنی(عەزبـەکان) و خۆبەخشـەکان (گونلوییـەکان) بکـەن، ئەمـەش بـە ئامانجـی گەڕاندنـەوەی خەڵکـی شـارەزوور کـە ئـاوارە بیـوون، بـەڵام ئامـاژە بەقەیرانێکـی زۆر تونـدی نەبوونـی دانەوێڵـە لـە شـارەزوور ئـەکات، کـە نەتوانـراوە دانەوێڵـە بـە عەرەبانـەکان یـان ووشـتر بـۆ ناوچەکـە بگوێزرێتـەوە، ئامانجێکـی تـر ئـەوە بـووە ئـەو کەسـانەی ئـاوارە بوونـە و شـارەزووریان بەجێهێشـتووە لەمـاوەی دەسـاڵدا واتـە لـە ١٥٦٢-١٥٧٢ دا ئەوانیـش بـۆ ناوچەکانیـان بگەڕێندرێنـەوە..! ئەمـە بێجگەلـەوەی کارکـردن بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و هێنانەکایـەی خۆشـگوزەرانی بـۆ خەڵکـی ئەیالەتـی شـارەزوور و زۆرتریـن هـەوڵ بـۆ دابینکردنـی گەنـم بەگوێـرەی ئـەو توانایـەی هەبـووە، بـە تەواویـی بـۆ پێدانـی بەهـای گەنمەکـە، ئامانجێکـی تـری ئـەم فەرمانـە ئـەوە بـووە، کـە دەبێـت میـری میرانـی شـارەزوور لـە سـاڵێکدا بـۆ دووجـار بەسـەر ئـەو قەڵایـەدا گـەڕان و پشـکنین ئەنجامبـدات و پێداویسـتییەکانی دابیـن بـکات و ڕێگەنـەدات کەموکورتـی تێیـدا بێتەکایەوە(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر ١٦, رقـم حكـم ٤١٥: ٢١٥-٢١٦). ئیمپراتۆریێتیـی عوسـمانیی بەشـێوازی پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی ناوەندێتـی هەژموونـی کردبـووە سـەر ئەیالەتـی شـارەزوور و لـە بچووکتریـن هەڵـەی کارگێڕییـدا ئـاگاداری کردۆتـەوە و سـزای کاربەدەسـتەکانی داوە،

وەك لـە بەڵگەنامەیەکـی کارە گرنگەکان-دەفتـەری موهیمە(مهمـە دفـتری)دا تۆمارکـراوە، کـە نوێنـەری ئەیالەتـی شـارەزوور لـە ئیسـتانبوڵ دەستبەسـەرکراوە، لەبەرئـەوەی لەگـەڵ پۆسـتەبەرەکان چۆتـە ئیسـتانبوڵ، ئەحمـەد پاشـای وەزیـری والـی شـارەزوور لـە دەسـتگیرکردنی نێردراوەکـەی بـۆ پایتەخـت ئاگادارکراوەتـەوە، چونکـە نێـردراوی ئەیالەتەکـە ئەسـپەکانی پۆسـتەی عوسـمانیی بەکارهێنـاوە، کـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی رێگـەی بـە کارمەندانـی دەرەوەی پۆسـتەخانەکان بـۆ بەکارهێنانـی ئەسـپ و ئێسـتری گواسـتنەوەی پۆسـتەخانەکان نـەداوە، لەبەرئـەوەی ئەسـپەکان خەرجیـان زۆر بووە(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر ٢٣, رقـم حکـم ٤١٨: ١٩٨)، هـەر لەسـەر ئـەم کێشـەیە بەفەرمانێکـی تایبـەت لـە دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی هـەر یـەك لـە ئەیالەتەکانـی شـارەزوور، دیاربەکـر، وان، بەغـداد و بـەسرا ئاگادارکراونەتـەوە کـە نێـردراوی ئەیالەتەکانیـان لەگـەڵ پۆسـتەبەرەکان بـۆ ئەسـتانبووڵ نەنێـرن و سـەرپێچی لەفەرمانەکـەدا نەکەن(مهمـە دفـتري, رقـم دفـتر ٢٣, رقـم حکـم ٤١٩: ١٩٨).

شـایانی باسـە کارگێڕییـی عوسـمانیی بهبەردەوامیـی ئـاگاداری داوەتـە ئەیالەتـەکان لـە بەهێزکردنـی یەکەکانـی کارگێڕییـی و رێکخسـتنی کارگیڕییـان، لـە فەرمانێکـی دیوانـی سـوڵتانیدا بـۆ ئەیالەتـی شـارەزوور لـە ٢١ی حوزەیرانـی ١٥٧٣زدا نێـردراوە، فەرمـان بەدروسـتکردنی تیانووسـێك(دەفتەرێك), کـە لـە شـێوەی فایلێکـی بەرگکراودابێـت بـۆ ئـەو فەرمانانـەی کـە لـە ئیسـتانبوڵ دەردەچـن و لـەو دەفتـەرەی ئامـادە دەکرێـت تۆماربکرێـن و لـە سـندوقی دەفتـەرەکان و لەنـاو کیسـێکی مۆرکـراودا بپارێزرێـن، لەبەرئـەوەی هـەر والییەکـی نـوێ کـە دەسـتبەکارئەبێت فەرمانەکانـی والیەکانـی پێـش خـۆی جێبەجـێ نـاکات و هیـچ پێزانینێکـی بـۆ ئـەو فەرمانـە باڵایانـەی دەرچـووە لـە پێشـووتردا نییـە، هەروەهـا لێکدانـەوە و راڤـەی جۆراوجـۆری بـۆ ئەکرێـت، ئەمـەش وائـەکات دیوانـی سـوڵتانی سـەرلەنوێ فەرمانەکانـی پێشـووتر بـۆ شـارەزوور بنێرێتـەوە، ئامانجـی ئـەم فەرمانەیـش ئەوەبـووە کـە زیادەڕۆییکردنـە سـەر مافـی خەڵـك و داهێنانـی قانوونـی جۆراوجـۆر لەسـەر خەڵـك هەڵبگیرێـت. بەبـێ ئـەوەی زوڵـم و ستەملێکردن و هێنانەکایـەی شـتی نـوێ رووبـدات، کـە بەپێـی فەرمانـی سـوڵتانی کار بکـەن، شـایانی باسـە ئـەم فەرمانـە بـۆ چـواردە ئەیالەتـی تریـش لـە چوارچێـوەی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانییدا نێردراوە(مهمـە دفـتری: رقـم دفـتر ٢٢, رقـم حکـم ١٧٥, ص ٨٥).

لـە سـەرەتاکانی دەیـەی دروسـتبوونی ئەیالەتـی شـارەزووردا بـە تەواویـی هەژموونـی ناوەندێتـی بەڕێوەبـردن لەکاروبارەکانـی رەنگـی داوەتـەوە, بـە تەواویـی لـە بەرزتریـن ئاسـتی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی, کـە سـوڵتان بـووە دەخالەتـی لـە سەرپەرشـتیکردن و تەواوکردنـی مزگەوتـی گوڵعەنبـەردا کـردووە، کـەوا بڕیاربـووە لەگـەڵ قەڵاکـەی لەسـەردەمی سـوڵتان سـلێمانی قانوونـی تـەواو بوویێـت بـۆ نوێژخوێنـان, بـەڵام بەئەنجامنەگەیشـتوە، هـەر بۆیـە سـوڵتان سـەلیمی دووەم خـۆی بڕیارێـك لـە شـوباتی ١٥٧٣ بـۆ میـری میرانـی شـارەزوور دەرئـەکات، کـە ئەبێـت مزگەوتـی گوڵعەنبـەر بـۆ نوێژکـردن تێیـدا تـەواو بکرێـت و بەبێئـەوەی کەمتەرخەمـی تێیـدا بنوێنرێت(مهمـە دفـتری, رقـم دفـتر ٢١, رقـم حکـم ٢٩٣: ١٢٠).

هـەر لەچوارچێـوەی پەرەسـەندنی کارگێڕییـدا، ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی تەنهـا رووبـەڕووی کێشـەی گۆڕانکارییـە کارگێڕییـەکان نەبـووە بـەوە، بەڵکـو رووبـەڕووی کێشـەی میراتگرانـی بەرپرسـانی یەکـەی کارگێڕییەکانیـش لەمـاوەی چارەکـی کۆتایـی سـەدەی شـانزەهەمدا بـووە بـەوە، بۆیـە لێـرەدا بـاس لـە دوو کێشـەی دەکەیـن, کـە لـە مـاوەی سـاڵانی ١٥٧٣-١٥٧٥زدا سـەریانهەڵداوە، کێشـەی یەکـەم: لـە نـاو ان جیهـان شـاهی میـری سـەنجەقی

ئەبرومان(هەورامـان) و براکـەی میـر ئەحمـەد فەرمانڕەوایـی قـەڵای کەلاوێـر لـە ئەیالەتـی شـارەزوور ڕوویـداوە، کـە لەبەڵگەنامەکانـی عوسـمانییدا لـە کانوونـی دووەمـی ١٥٧٣ تۆمارکـراوە، دوای ئـەوەی کـە باوکیـان لـە ژیاندابـووە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتیان لـە نـاو ان خۆیانـدا دابەشـکردووە، بـەڵام دواتـر جیهـان شـاە هێرشـی کردۆتـە سـەر میـر ئەحمـەد بـرای و لەگـەڵ کەسـوکارەکەی و دەسـتوپێوەندەکانی دەیانخاتـە بەندیخانـەوە، کەچـی لـە پێشـتردا بـۆ مـاوەی پەنجـا سـاڵ بەبـێ کێشـە حوکمـی ناوچەکەیـان کـردووە، لـەو کاتـەدا کـوڕی میـر ئەحمـەد لـە دەرفەتێکـدا لـە بەندیخانـەی مامـی (جیهـان شـاە) رزگاری ئەبێـت و دەچێتـە ئیسـتانبوڵ بـۆ ئـەوەی فشـارێك لەسـەر میـری میرانـی بەغـداد دروسـتبکات، کـە سـەنجەقی ئەبرومان(هەورامـان) لەدەسـتی جیهـان شـاە رزگار بـکات و باوکـی بگەڕێنێتـەوە سـەر حوکـم، بـەڵام دوای ئـەوەی لەلایـەن ئەیالەتـی ئاماژەپێکـراو پـرس بـە میرەکانـی کـوردی ئـەو ناوچەیـە کـراوە و ڕازی نابـن لەبەرانبـەردا هەڵمەتـی سـەربازیی بکرێتـە سـەر جیهـان شـاە، دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی فەرمـان بـە میـری میرانـی شـارەزوور ئـەکات، کـە بانگهێشـتی میرانـی کـورد بـۆ شـارەزوور(کەرکوك یـان گوڵعەنبـەر) بـکات، کـە ئاشـتەوایی لـە نـاو ان هـەردوو براکـە بێننەکایـەوە و کۆتایـی بـەو کێشـەیە بێنـن وەکـو جـاری جـاران حکومڕانـی ناوچەکانیـان بکەنـەوە، کـە لـە نـاو ان خۆیانـدا دابەشـیان کردبـوو، کـە مـاوەی پەنجـا سـاڵی خاياندبوو(مهمـه دفتری, رقـم دفتر ٢١, رقـم حکـم ١٠٣: ٢٨)، بـەڵام لـە نـاو بەڵگەنامەکانـدا کۆتایی چارەسـەر بـوون یـان مانـەوەی کێشـەی نـاوان ئـەم دوو برایـەی ئەیالـەتی شـارەزووری دیارینەکـردووە، ئەمـەش یەکێـك لـەو کێماسـیانەیە کـە لـە سـەرۆکایەتیی فەرمانگـەی ئەرشـیفی عوسـمانیی لـە ئەسـتانبووڵ بـۆ هـەر ڕووداوێـك، کەسـایەتیەك، شـارێك و یەکـە کارگێڕییـەکان دۆسـییەکی سـەربەخۆی تـەواو لەبەردەسـت دانییـە و لەداتابەیسـی ئەلیکترۆنـی ئەرشـیفخانەکەدا بـە تێکـەڵاوی دۆسـییە و بەڵگەنامـەکان ریزکـراون، تەنهـا دەفتەرەکانـی تایبـەت بـە تۆمـاری دارایـی و ئابووریـی نەبێـت، ئەگـەر لاپەڕەیـان نەفەوتابێـت وەك خۆیـان مـاون.

کێشـەی دووەم: لـە بەڵگەنامەیـەك کـە مێژووەکـەی بـۆ ٢ی ئابـی ١٥٧٥ ئەگەڕێتـەوە، بـاس لەدابەشـکردنی کێشـەی میراتـی هـەر یـەك لـە میـری دەرنـە (عومـەر بـەگ) و میـری روانـە (ئەسـکەندەر بـەگ) و شـاە وێـردی بـەگ میـری (هـۆزی جـاف) و زەعیموڵـڵای سـەرۆك (عەشـیرەتی تیلەکـۆ) ئـەکات، کـە تییـدا فەرمـان بەهەریـەك لـە میـری میرانـی شـارەزوور و قـازی داقـوق و کەرکـوك کـراوە، ئەگـەر بەپێـی شـەرع میراتگرەکانیـان لـە کـوڕ و کـچ کـە مافـی میراتگریـان دەکەوێـت و تەمەنیـان بچوکـە هەروەهـا ئـەو کەسـانەی کـە هاوخوێنـی نزیکـی ئـەو کەسـایەتیانەن بەجێـماوە پێیـان بدرێـت. هەروەهـا ئامـاژە بـەوە ئـەکات، کـە سـامان و میراتـی ئـەم کەسـایەتیانە بـەو میراتگرانـە نەدرێـت, کـە دژ بـە شـەریعەتی ئیسـلامن، بـەڵام ئەگـەر ئـەو میراتەیـان لـە ناوخۆیـان دابەشـکرد ئـەوا ئـەو دابەشـکارییە میراتیـەی کـراوە پێویسـتە باجـی قەسـام شـەرعیەکەی، کـە لەلایـەن ئـەو کەسـەی قەسـامەکە ئەنووسـێت داوا بکرێت(مهمـه دفـتری, رقـم دفـتر ٢٦, رقـم حکـم ٥٨٢: ٢٠٨).

لەدابەشـبوونی کارگێڕیـی ئەیالەتـی شـارەزووردا ناوچەکانـی میرنشـینی بابـان دوای کۆتایهاتنیـی دەسـەڵاتی خـدر بەگـی کـوڕی حوسـێن بەگـی بابـان لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی شـانزەهەمدا، ناوچەکـە دەلکێندرێتـەوە بەفەرمانڕەوایـی ئەیالەتـی شـارەزوور، داهاتـی فەرمانڕەوایـی بابـان، کـە قەڵەمڕەوییەکـەی بـۆ سـەر چەنـد تیرەیـەك و تایفەیـەك دابەشـکرابوو بـە بـڕی چـوار هـەزار (خاڵـواری دراو) کـە خەملێـنراو بـوو سـاڵانە بـە خەزێنـەی ئەیالەتـی شـارەزووریان داوە، کـە لەلایـەن چەنـد میرێکـەوە ناوچـە و مەڵبەندەکانـی بابـان

بەڕێوەبردراوە، هەرێمی بابان بە تەواویی خراوەتە سەر موڵكیەتی سوڵتانی عوسمانیی، كە ئەمە وایكردبوو كاربەدەستانی ناوچەكە خۆیان لەگەڵ خەڵك بگونجێنن، بۆیە سەركردە و پەڕاوداران(نووسەرانی تۆمار) و هەر كاربەدەستێكی تر نەیانتوانیووە بە زۆرەملێ فلسێكی سوور وەربگرن(بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٥٧-٤٥٨).

تەوەری چوارەم: ڕێكخستنەوەی كاری كارگێریی دادگاكان لە ئەیالەتی شارەزوور لەماوەی ١٥٦٤-١٦٠٠زدا:

لە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی دادگا شەرعییەكان ڕۆڵێكی گەورەیان لەیەكلایكردنەوەی كێشەی ناوان تاكەكانی جڤاكیی ئیمپراتۆریەتەكەدا هەبووە، هەر بۆیە دادگاكان وەك دامەزراوەییەكی گرنگ لە ناو كۆمەڵێكی دواكەوتووی ئەوكاتدا بایەخێكی گەورەیان لەلایەن سوڵتان و حكومەتی عوسمانیی(بابولعالی) لە ئیستانبوڵ پێدراوە، بە تەواویی بەدادگاكانی ناوچە دووره دەستەكانی ناوەند(ئەستانبووڵ)، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری كراون لە ڕووی ئەنجامدانی كارەكانیان لەسەرانسەری ئیمپراتۆرییەتەكەدا، لە ئەیالەتی شارەزووردا كە ڕووبەرێكی بەرفراوانی هەبووە، بە تەواویی لە بوونی ژمارەیەكی زۆری یەكەی كارگێریی بەناونیشانی(سەنجەق=پارێزگای ئێستا)، لە هەمان كات دا دانیشتوانێكی زۆری هەبووە، بۆیە كێشەی جۆراوجۆری كۆمەڵایەتیش تێیدا سەریهەڵداوە، بۆیە لە فەرمانێكی دیوانی سوڵتانی عوسمانیی بۆ میری میرانی شارەزوور، قازی هەریر و دوین(میرنشینی سۆران) لە ٢٧ی كانوونی دووەمی ١٥٦٦زدا، تێیدا باس لە چەند كێشەیەكی بەڕێوەبردنی دادگاكانی ناوچەی هەریر و دوین ئەكات، كە لە دەرەوەی دادگاكان و چوارچێوەی كاركردنی ئەنجومەنی شەرعی(مجلس الشرع) مەلا شافعییەكان(شافعی منلالری) كاری مارەبڕین لەسەر ئارەزوویان خۆیان ئەنجامداوە، هەروەها دادبینی و یەكلایكردنەوەی كێشەكان لەشەودا وەك چەند مەلایەك كە ئەنجامیانداوە، لەوانە: مەلا صالح، هەروەها هەر یەك لە مەلا شەروێ، مەلا حوسێن عەلی و مەلا ئیبراهیم بە ئارەزووی خۆیان پرس و كێشەكانیان یەكلایكردۆتەوە، هەروەها ئاماژە بەوە ئەكات كە هەندێكیان خۆیان بە موفتی ناوزەد كردووە بەبێ ئەوەی فەرمانی سوڵتانی بۆیان دەرچوێندرابێت، هەندێكیشیان خۆیان بە دادوەری شەرعی(قاضیلق) ناساندوە، هەر لەو فەرمانەدا بڕیاردراوە، كە هەریەك لەو مەلایانە لەكارەكانیان دووربخرێنەوە و كاروباری دادوەری و كارە شەرعییەكان لەبەردەمی ئەو دادوەرانەی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیی دایمەزرانددوون ئەنجامبدرێت.(مهمه دفتري, رقم دفتر ٦, رقم حكم ٣٢٧, ص ١٥١)

شایانی باسە لە پەیكەری ئەیالەتی شارەزووردا لیوای مووسڵ لە ١٥٦٨زدا وەك لیوایەك(سەنجەقێك) لە چوارچێوەی ئەیالەتەكەدا بووە، هەر بۆیە لە ٢٦ی ئابی ١٥٦٨زدا، خەزێنەیەك لەلایەن كەسێك بەناوی (موحەممەدی كوڕی عارف) لەشاری مووسڵ ئەدۆزرێتەوە، بەڵام داوا لە میری میرانی(بەگلەر بەگ) شارەزوور كراوە، كە موحەممەدی كوڕی عارف وەك بەندكراوێك ڕابگرێت(توقیف)، هەروەها چەند كارێكی تر لە میری میرانی شارەزوور خواستراوە، وەك: پرسیاری تەواو لەسەر ناوبراو بكرێت و زانیاریی لەسەر ئەو پارانەی دۆزراونەتەوە و تا ئێستا چەند لەلای ماوەتەوە كۆیبكاتەوە، ئەگەر دۆزینەوەی ئەو خەزێنەیە ڕاست بێت ئەوا دەبێت قازی شارەزوور ڕابسپێردرێت، سەردانی شوێنی خەزێنەكە بكات و ئەو جۆرە گۆزەی خەزێنەكە چ جۆرێكە و ئایا لە بندەستی دایە یان لە ماڵەوەیەتی، ئەگەر بە تەواویی گۆزەی خەزێنەكە بە تەواویی و ڕاستی دەركەوت بە تەواویی زانیاریی یەكانی لەسەر بنووسرێت و ئاگادار بكرێنەوە(دیوانی سوڵتانی عوسمانیی)، بەڵام پێشوەختە ئاگاداریان دەكاتەوە كە وریابن لە دەخالەتكردنی كەسانێك یان زوڵملێكردن

لەو کەسە یان بەندکردنی لەسەر قسەی ئەو کەسانەی رقیان لە ناوبراو(موحەممەدی کوڕی عارف) هەیە، بۆ ئەوەی ئەمە وەك بیانوێك بەرانبەری نەقۆزرێتەوە(مهمە دفتری, رقم دفتر ٧, رقم حكم ١٩٨٦: ٧٢٤).

هەر بۆیە لە شوباتی ١٥٧٥زدا لە نووسراوێکی تری دیوانی سوڵتانیدا بۆ هەریەك لە میری میرانی شارەزوور، قازی هەولێر و بابان، ئاگادار کراونەتەوە، کە ئەو هاوڵاتیانەی بابان لە زەوییەکانی خەزێنەی سوڵتانی کاردەکەن و لەبندەستی میر ئیسماعیلی میری سەنجەقی هەولێر دابوونە بەشێوەی کارکردنی (ئیلتیزام) دا، فەرماندە سوپاییەکانی سەنجەقی هەولێر (سوباشلرك_Subaşların) دەخالەتیان لەکاری ئەو کەسانە کردووە و تاوانیان بەرانبەر ئەنجامداون، ئەمە دژ بە قانوون و تۆمارەکانی باجە نادیارەکان(بادیهەوا-بادهوا) بووە، لەفەرمانەکەدا کە لەسەردەمی سوڵتان موڕادی سێیەم نووسراوە، ئاماژە بەوەدەکات، ئەو هاوڵاتییانەی زەوییەکانی سوڵتانی بەڕێوەدەبەن تەنها لەلایەن دادوەران لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەسەر تاوانەکانیان و دیاریکردنی سزای مردن یان بڕینەوەی یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیان، ئەمەش دوای ئەوەی وردەکاری ئەو رووداوە دەخرێتە بەردەم (میر ئیسماعیل)ی میری سەنجەقی هەولێر، هەروەها ئاماژە بەوە ئەکات کە بۆ هیچ کەسێك لە فەرماندە سوپاییەکان و پیاوانی ئەیالەت نییە، دەخالەت لە کاروباری دادوەراندا بکات، چونکە ئەمە دژ بە شەریعەت و قانوونە(مهمە دفتری ذیلي, رقم دفتر ٢, رقم حكم ٣١٠: ١٠٥).

هەر لەم سەر و بەندەدا لە هاوپەیمانیەتێکی دوولایەنەی ناوان بەکر بەگ میرلیوای پێشووی شنۆ و عومەر بەگی میری سەنجەقی لاجان(لاهیجان-پیرانشار)، لەرێگەی کۆکردنەوەی هێزی سەربازییان هێرشدەکەنە سەر شنۆ، تێیدا پانزە پیاو دەکوژن، سێ ژن و سێ کچیش بەبەندکردن دەبەن و لەگەڵ تاڵانکردنی پانزە هەزار سەر مەڕ، سەرەڕای دزینی پارە و کەلوپەلی ناوماڵی کەسانی کوژراو، ئەم رووداوە وا لە زەینەڵ بەگی میری سەنجەقی شنۆ ئەکات، کە سەرجەمی رووداوەکە لە دەفتەرێکدا بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانیی بنووسێتەوە و بۆ ئەستانبووڵی بنێرێت، دیوانی ناوبراویش لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزی ١٥٧٣ دا فەرمانێك بۆ میری میرانی شارەزوور و قازی هەولێر و (حەریر و دوین-میرنشینی سۆران) ئەنێریت، کە بۆ کۆی ئەو رووداوە بەدواداچوونی بۆ بکەن، ئەگەر ئەوەی ڕوویداوە ڕاست بێت بەبێ چاوپۆشیی لێکردن هەمووی تۆمار بکرێت و بۆ دیوانی سوڵتانی بینێرن(مهمە دفتری, رقم دفتر ٢٢, رقم حكم ٥٨٣: ٢٩٥). ناردنی فەرمان بۆ ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور و قازییەکانی لیوای هەولێر و حەریر و دوین(میرنشینی سۆران)، بەئامانجی بەدواداچوونی وردبووە بۆ ئەو نەهامەتیەی بەسەر ناوچەی شنۆ هێنراوە، هەروەها هەر یەك لە هەولێر و بە تەواویی هەریر و دوین بەچاو ناوەندی ئەیالەت، کە ئەوکاتی لەشاری کەرکوك بووە، هەریر و دوین(میرنشینی سۆران) نزیکتربوونە بۆ سەنجەقەکانی شنۆ و لاجان(لە پێشووتردا بەناوی سەنجەقی زەرزا) بووە، بۆیە قازییەکانی ئەم دوو سەنجەقە بەو کارە ڕاسپێردراون.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان یان رووداوەکانی ناوان تاکەکانی کۆمەڵ، خێڵەکان و یەکە کارگێڕییەکان زۆرینەی جار شاهێدی درۆینە هەبووە و برداوەتە بەردەمی دادوەرەکان بۆ بردنەوەی کێشەیەك کە لە ناوان دوولایەندا هەبووە بۆ قازانجی لایەنێکی گوناهبار یان تۆمەتبار بەکارێکی ناقانوونی، بۆیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیی بە تەواویی لە هێرشی عەشیرەتەکانی بابان بۆ سەر عزەددینی میری

سـەنجەقی بابـان, کـە پێشـووتر میـری سـەنجەقی سروچـك بـووە، دیوانـی سـوڵتانی عوسـمانیی لـە فەرمانێکیـدا بـۆ میـری میرانـی شـارەزوور, قازییەکانـی هەولێـر و قـەرەداغ ئاگاداریکردونەتـەوە، کـە وشـیار بـن لـە کاری شـاهێدی درۆینـە و کاری سـاختەیی ئـەو لایـەن و کەسـانەی لـە هێرشـەکردنە سـەر میـری سـەنجەقی ناوبـراو لـە ئەیالەتـی شـارەزوور تێوەگلاون(مهمـە دفـتری, رقـم دفـتر ٢٣, رقـم حکـم ١٧٩: ٨٨).

## ئەنجام:

یەکـەم: پێگـەی سـتراتیژیی شـارەزوور لـە رووی سیاسـیی، سـەربازیی، ئابووریـی، جڤاکییـی و خوێنـدەواری بـۆ هـەردوو ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی و سـەفەویی جێگـەی بایەخێکـی مـەزن بـووە، بـە تەواویـی ئەیالەتـی شـارەزوور لەسـەر سـنووری نـاوان هـەردوو ئیمپراتۆرێتیـی خۆرهـەڵات بـوو، لـە هەمـان کات دا شـوێنی بەیەکگەیشـتنی نـاوان هـەردوو ئیمپراتۆرییـەت بـوو، لـە ململانێـی سـەربازیی و شـەڕە درێژخایـەن و کاولکارییەکانیـان لەسـەر خاکـی ئەیالەتـی شـارەزووردا، کـە زۆرینـەی خاکـی ئێسـتای باشـووری کوردسـتانی پێکدەهێنـا، ئەمـە چارەنووسـی دواڕۆژی ئەیالەتـی شـارەزووری گـۆڕی، بهبەردەوامیـی ببێتـە مەیدانـی یەکلایکردنـەوەی پێکـدادان و ململانێـی سیاسـیی، سـەربازیی و ئابووریـی نـاوان هـەردوو ئیمپراتۆرییەتەکـە، کـە تـا ئێسـتایش بـۆ دەوڵەتـە میراتگرەکانـی هـەردوو ئیمپراتۆرییـەت بەردەوامـی پێئەدرێـت.

دووەم: ئەیالەتـی شـارەزوور لەمـاوەی نیـوەی یەکـەم هەتـا سـەرەتاکانی چارەکـی کۆتایـی سـەدەی شـانزەهەمدا رووبـەڕووی ئاڵنگارییەکـی سـەختی ناوخۆیـی بۆیـەوە، بـە تەواویـی لـە رووی گۆڕانـی سروشـتی دانیشـتووانی شـارەزوور بەهـۆکاری جیـاواز، لەوانـە: هەڵایسـانی شـەڕی عوسـمانیی و سـەفەویی لەنـاو سـنوورەکانی شـارەزووردا، بڵاوبوونـەوەی برسـییەتی و توندوتیـژی لەبەرانبـەر خەڵکـی ڕەسـەنی شـارەزووردا، ئەمانـە هـۆکار گەلێـك بـوون، کـە خەڵـك لـە شـارەزوور بـۆ ناوچەکانـی تـر بەشـێوەیەکی ڕێژەیەکـی مامناوەنـد کـۆچ بکـەن، لەبەرانبـەر چۆڵبوونـی گوندەکانـی شـارەزووردا ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی هـۆزە تورکمانەکانـی لـە شـارەزوور نیشـتەجێیکردن بـە بیانـووی کاری سـەربازییکردن، بـەڵام لەدواتـردا ئـەم کۆمەڵـە نوێیانـەی تـورك بـوون بـە هـۆکاری گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەزوور، کـە لـە ئەنجامـدا لـە نـاوان خەڵکـی شـارەزوور و خەڵکـە نوێیەکـەی شـارەزوور لەسـەر سـامان(زەوی و داهاتـی کشـتوکاڵی) شـەڕ و ململانێیەکـی سـەخت لـە نـاو انیـان ڕوویـدا، کـە ئەمـە لـە دروسـتبوونی نائارامـی لـە نـاو جڤاکیـی شـارەزووردا، کـە کاریگەریـی نەرێنیـی لەسـەر بارودۆخـی ناوخۆیـی هێنایـەوە ئـاراوە، بـەردەوام وەك ئاڵنگارییـەك تەماشـا کـراوە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی شـانزەهەمدا.

سـێیەم: هێنانەکایـەی ئەیالەتـی شـارەزوور لـە چوارچێـوەی کارگێڕیـی عوسـمانییدا، گۆڕانکارییەکـی بەبایەخـی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی بـوو لـە سـنوورەکانی خۆرهەڵاتییـدا، بـە تەواویـی بەهـۆی دووری ناوەنـدی یەکەمـی شـارەزوور کـە شـاری بەغـداد بـوو، بۆیـە پێویسـت بـوو، ناوەندێکـی بەڕێوەبـردن بـۆ چاودێریکردنـی بارودۆخـی سیاسـیی، کارگێڕیـی، دارایـی، سـەربازیی و دادوەریـی لـە شـارەزوور ئامادەیـی هەبێـت.

چـوارەم: سـنوورە ناوخۆییەکانـی ئەیالەتـی شـارەزوور بهبەردەوامیـی گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتـووە، بـە تەواویـی لـە ڕێکخسـتنەوەی یەکـە کارگێڕییـەکان بەشـێوازی دابڕاندنـی سـەنجەقێك یـان ناحییـەك بۆسـەر یەکەییەکـی تـری کارگێڕیـی لـە ئەیالەتەکانـی بەغـداد و مووسـڵ دا، هەروەهـا لکاندنـی سـەنجەقێك یـان ناحیـەك لـە

ئەیالەتەکانی مووسڵ و بەغداد بە ئەیالەتی شارەزووردا، ئەم خەسڵەتی گۆڕانکارییە لە ئەیالەتەکانی عوسمانیی بهبەردەوامیی ئامادەیی هەبووە، بە تەواویی لە ئەیالەتی شارەزووردا، کە جیۆگرافییەکی گۆڕاوی لەناوخۆ و دەرەوەی ئەیالەتەکەدا هێناوەتە ئاراوە.

پێنجەم: چاودێریکردنی ڕەوشی دادگاکان یەکێك لە کارە لە پێشینەکانی ئیمپراتۆریێتیی عوسمانیی بووە، بە تەواویی لە سەدەی شانزەهەمدا کە ئەوکات ئیمپراتۆریێتیی عوسمانیی لە بەهێزترین ساتەکانی حوکمڕانی دابوو، کە دامەزراوەکانی ئیمپراتۆریەتەکە بە تەواویی لە گەندەڵی دارایی، کارگێڕیی و ئەخلاقی تێوەنەگلابوون، هەر بۆیە چاودێرییەکی توند لەسەر کاری دادوەران(قازییەکانی شەرعی) هەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەزهەبی ئیمپراتۆریێتیی عوسمانیی حەنەفی بووە، جیاوازی لەگەڵ مەزهەبی باوی کوردستان و شارەزوور هەبووە، کە مەزهەبی شافیعی بووە، بۆیە لەگەڵ ناوهێنانی قازییەکانی شەرعی لە شارەزوور ناوی مەزهەبەکەشیان دەهێنێت، ئەمە بەجیاکارییەکی زۆر دیار دادەنرێت، لەمێژووی ئیمپراتۆریێتیی عوسمانیی بۆ ناوخۆیی یەك مەزهەب ئەم جۆرە لە بیروبۆچوونە بەدی نەکراوە، بۆیە چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ کاری دادگاکانی شارەزوور لەو سەردەمیدا زۆر گرنگ بووە بۆ مەبەستی بەرپاکردنی دادپەروەری لە ناو ان دانیشووانی شارەزووردا.

## پەراوێزەکان:

١-ویلایەتی لوڕستان: بەپێی بۆچوونی یەکێك لە توێژەران کاتێك لە ساڵی ١٥٦٠ ئەیالەتی شارەزوور دامەزراوە، کە ویلایەتی لوڕستان بەهەمان سنوورەکەی بۆ ئەیالەتی شارەزوور گۆڕدرا(گولی و الجوادي، ٢٠١٩: ٦١)

٢-سەنجەق: ئەم ووشەیە لە بنەڕەتدا تورکییە، لە زمانی تورکی-عوسمانیی و فارسیدا بە (سنجق) نووسراوە، لە زمانی یۆنانی دا (Serveion)، کە بەم مانایانە گوزارشتی لێکراوە: ئاڵا، ڕم(الرمح)، لەدەوڵەتی عوسمانییدا لە رووی کارگێڕیی لەبەرانبەر زاراوەی (پارێزگای) ئێستا بەرکارئەهێنرێت، کەسی بەرێوەبەری سەنجەقیش پێیدەگوترا: سەنجەق بەگ(امیر سنجق)، لە زمانی عوسمانیی(سنجق بکی-Sancak Bey) دەنووسرا، دەسەڵاتی تەواوی سەربازیی و کارگێڕیی هەبوو، بەڵام بۆی نەبوو دەخالەت لە کاروباری دادوەرییدا بکات. هەروەها سەنجقداریش لە دەوڵەتی عوسمانیی هەبووە، کە بەمانای پارێزگاری لە ئاڵای ئەبەخشی، یان بەمانای خاوەنی ئاڵا ئەهات، کە ئەمە لە ناو پەیکەری سوپایی عوسمانییدا هەبوو. هەروەها (سەنجەقی سوڵتانی) یش هەبووە، کە بەمانای ئەو ئاڵایە ئەهات کە تایبەت بوو بە سوڵتان، کە ئاڵایەکی زەردی بەزێڕ چنراو بوو، کە ناو و نازناوی سوڵتانی لەسەر نووسراوبوو، هەروەها لەسەردەمی عوسمانییەکاندا زاراوەی(سەنجەقی پیرۆز)یش هەبووە، کە مەبەستی ئەو ئاڵا پیرۆزەی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد موستەفا (درودی خوای لەسەر بێت) بووە، کە درێژییەکەی دوانزە پێ بووە و ئێستا لە شاری ئیستانبوڵ پارێزراوە(تومي، ٢٠١١: ٢٢٩-٢٣٠ و حلاق و صباغ، ٢٠٠٩: ١٢٠).

٣-چفان یان چانمان[چغان]: دەربەندی چغان سنووری ناوان ئیمپراتۆریێتیی عوسمانیی و سەفەویی بووە، کە کەوتۆتە نزیکی قزڵجە لە شارەزووردا، هەروەها گوندی چەقان لە قەزای سەید سادق(سەیدسادق: لە

کۆنـدا ناحیـە بـووە، بـەڵام لـە دەیـەی یەکەمـی سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا بـووە بـە قـەزا) ناسراوە(الروژبیانـی و مصطفـی، ۱۹۸۰: ٥٦).

٤-عزبـە: لـە بنەڕەتـدا ووشـەکە لـە زمانـی عەرەبـی بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە خێزانـدار نیـن یـان سـەڵتن وەرگیـراوە، بـەڵام چەنـد جۆرێکـی سـەربازیی عەزبـە لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی هەبـووە، وەك: عەزبـەی دەریایـی، عەزبـەی تەرسـانەی چـەك، عەزبـەی کەشـتیگەلی سـەربازیی، هەروەهـا عەزبـەی وشـکانی، لێـرەدا لـە شـارەزوور عەزبـەی وشـکانی هەبـووە، کـە سـەربازیی پیـادە بوونـە، کـە زیاتـر بەنهێنـی بوونـە و لـە قـەڵا سـەربازییەکانی سـەر سـنوور ماونەتـەوە، کـە هەڵگـری چەکـی وەك شمشـێر و ڕم و تفەنـگ بوونـە، بێجگەلـەوەی لەبـەردەم ئـەو شـوێنانەی کـە تۆپخانـەی عوسـمانیی لـێ بـووە شـەڕیان بـۆ پارێزگاریکـردن لێـی کردووە(حـلاق و صبـاغ، ۲۰۰۹: ۱٥٤).

٥-کوکللو(Günüllu)-گونللـو: واتـە خۆبەخـش یـان خۆبەخشـەکان؛ لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی ئـەو سـەربازانەی خۆیـان بـۆ کاری سـەربازیی تەرخانکـردووە گوتراوە(گونللـو)، کـە لـە قـەڵا سـەربازییەکان دا بـە کرێـی ڕۆژانـە کاری سـەربازییان کـردووە، بۆیـە پێیانگوتـراوە گونوللوییـەکان، زاراوەی (کوکللـو) لـە زمانـی تورکـی عوسـمانیی دا بـە (گونللو) گۆدەکرێـت، کـە پێشـوتر ئاماژەمـان بـە ماناکـەی کـرد بـۆ یەکەمجاریـش لـە سـاڵی ۱۳۲۸ تۆمارکراون(مـراد، ۲۰۱۸: ۱۲٤).

٦-بادیهـەوا: (بادهـوا_Bad-i Hava) لـە بنەڕەتـدا ئـەم ووشـەیە عوسـمانییەکان لـە زمانـی عەرەبـی و فارسـیان وەرگرتـووە، چونکـە وشـەی یەکـەم لـە زمانـی فارسـیدا: (بـاد) لـە فەرمانـی (بـودن) هاتـووە، کـە بـۆ تاکـی نادیـار بەکارئەهێنرێـت، واتـە نادیـار دێـت، سـەبارەت بـە وشـەی دووەم: (هەوا-هـواء) لـە زمانـی عەرەبیـدا بەمانـای هـەوا و ئاووهـەوا دێـت، بـەڵام لـە زمانـی عوسـمانیی بـە تێکڕایـی بـە وشـەی (بادیهەوا-بادهـوا) دەگوترێـت باجـی پـەرش و بـڵاو یـان باجـی نادیـار، ئەمـەش لەبەرئـەوەی پێیانووتـووە باجـی نادیار(پـەرش و بـڵاو)، چونکـە لـەدەرەوەی سیسـتەمی دارایـی عوسـمانیی بـووە، بـۆ یەکەمجـار ئـەم وشـەیە لـە سـاڵی ۱٥۱۹ لـە قانووننامـەی سـەنجەقی گالیبولـی بەکارهاتـووە، لەسـەرەتادا وشـەی (طیـارات) لـە شـوێنی بادیهـەوا بەکارئەهێـنرا، ئـەم ووشـەیە تـا سـەدەی هەژدەهـەم پەیـڕەوی لێدەکـرا، ئـەم جـۆرە باجـە دەخرایـە سـەر نـۆ جـۆر لـە وەرگرتنـی بـاج: یەکـەم: دارایـی تـاوان بـۆ ئـەو تاوانانـەی کوشـتن، کـە سـزاکەی بـۆ پـارە وەرگرتـن ئەگـۆڕدرا، دووەم: دارایـی گشـتی و تایبەتـی ئـەو کەسـانەی کـە پـارە و داراییـان لـە دوای بەجێدەمـا، کـە میراتگـری شـەرعیان لـە پـاش مردنیـان دیارنەبـوو، سـێیەم: ماڵـی نادیـار، کـە کەسـێکی نەبـوو وەك میراتگـری شـەرعی بێـت. چـوارەم: مـاڵ و دارایـی دەستبەسـەرداگیراو کـە شـوێنی خاوەنەکـەی نادیـار بـوو، پێنجـەم: باجـی زاوا و بوکانە(هاوسـەرگیری)، شەشـەم: باجـی تاپـۆ بـۆ ئـەو کێڵگانـەی، کـە خاوەنەکانیـان دیارنەبوونـە، حەوتـەم: باجـی کەسـانی هەڵاتـوو و دەربـەدەر، کـە دواتـر وەك کۆیلـە ئەناسـێنران یـان کڕیـن و فرۆشـتنیان پێوەدەکـرا. هەشـتەم: باجـی ئـەو جوتیارانـەش بـوو کـە لـەزەوی سـیباهیەکان کاریـان ئەکـرد، لـە هەمـان کات دا خەریکـی کاری بازرگانـی بـوون. نۆیـەم: ئاژەڵـی وونبـوو واتـە: خاوەنەکـەی دیـار نەبـوو، لـە ئەنجامـدا ئـەم جـۆرە باجـە ڕێژەیەکـی دیاریکـراوی نەبـووە، بەڵکـو لـە ناوچەیـەك بـۆ ناوچەیەکـی تـر جیاوازبـووە، داهاتەکەیشـی بـۆ سـێ شـوێن دابەشـئەکرا، یەکـەم: بـۆ ئـەو تیـمارەی کـە باجی(بادیهـەوای) کۆئەکرایـەوە، بەشـی دووەم: بـۆ ئـەو سـەنجەقەی کـە تیمارەکـەی لـێ بـووە، بەشـی سـێیەم: لـە تێنووسـێکدا بەنـاوی گوندەکـە تۆمـار ئەکرا(صالـح، ۲۰۱٦: ۲۳۰ و القطـوري، ۲۰۱۲: ۱۳۳ و SahilliOğlu, ۱۹۹۱: ٤۱٦-٤۱۸).

٧-ئیلتیـزام: ڕژێمـی ئیلتیـزام، لەسـەردەمی سـوڵتان موحەممـەد فاتیحـی دووەم (١٤٥١-١٤٨١ز) لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی هێنرایـە کایـەوە، کـە کۆمەڵێـك لـە بەڵیندەرانی(الملتزمیـن) یـان (قۆنتەراتچـی بـاج)ی ڕاسـپاردن بـۆ کۆکردنـەوەی بـاج لـە ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانییدا، بـە ئامانجـی پارێزگاریکـردن لـە دارایـی زانـراو بـۆ ناوچەیەکـی دیاریکـراو کـە ملکەچـی سیسـتەمی دارایـی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی بـووە، ئـەم جـۆرە ڕژێمـە لـە کۆکردنـەوەی بـاج پێویسـتی بـە هێزێکـی گەورەیـی مرۆیـی هەبـوو بـۆ ئـەو باجانـەی کـە بەسـەر هاووڵاتیانـی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانیی سـەپێندرابوو کۆبکرێتـەوە، ئـەم ڕژێمـی ئیلتیزامـە دوای ڕەتکردنـەوەی سیسـتەمی باجـی کۆنـی سـەردەمی سـوڵتانەکانی پێـش موحەممـەد فاتیحـی دووەم هاتەکایەوە.(حـلاق و صبـاغ، ٢٠٠٩، ٢٢٥).

٨-قیلـچ(Kılıç): زاراوەیەکـە بەمانـای شـیر یـان شمشـێر هاتـووە، بـەڵام وەك ناوێـك لـە سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی سـوپای عوسـمانیی هاوشـێوەی سیسـتەمی تیـمار و زەعامـەت هاتەکایـەوە، بەشـێوەیەکی مەجـازی بەسـەر پشـکی ئـەو زەویانـەی ئیمپراتۆرێتیـی عوسـمانییدا بـڕاوە، کـە دراوەتـە سـەربازەکانی یەکەکانـی سـوپای (سـباهی)، کـە هـەر قلیچێـك بـۆ سـەربازێك بـووە، کەواتـە پشـکی هـەر قلیـچ ێکیـش بـە بـڕی ١٠٠٠ تـا ٢٠٠٠٠ هـەزار ئاقچـە خەملێندراوە.(حـلاق و صبـاغ، ٢٠٠٩، ١٧٨)

## لیستی سەرچاوەکان:


یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەکان: (بەزمانی تورکی-عوسمانیی):

ئەلیف: دەفتەری کارە گرنگەکان(مهمه دفتری-Mühimme Defter):

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No ,٠١:Hüküm No ,١١١٧, ١١٢٠, ١١٢١, ١١٢٢, ١١٢٣, ١١٢٤, ١١٢٥, ١١٢٦, ١١٢٧, ١١٢٨, ١١٣٦, ١٣٠٠, ١٦٣٠.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٢:Hüküm No ,٢٢٤, ٣١٣, ١٠٠٧, ١٥٨٧, ١٧٠١, ١٩٢٠, ١٩٨٣, ٢٠٢٤.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٣:Hüküm No ,٥٧٤, ٦١٧, ٧٤١, ٧٨٠, ٩٨٤, ١٠٠٣.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٤:Hüküm No ,١٩١٦.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No ,٠٦:Hüküm No ,١٢-١٣.

بێ: دەفتەری داهات و خەرجی ڕۆژانە(روزنامە دفتری-Ruzname Defter):

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DFF.RZ.Defter No ,١٤.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DFF.RZ. Defter No ,١٥.

تێ: دەفتەری داراییە گوازراوەکان(مالیدن مدور دفتری- Maliyeden Müdevver Defter):

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): Maliyeden Müdevver Defter(MAD) .Defter No: ١٥٣٠٩.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): Maliyeden Müdevver Defter(MAD) .Defter No: ٥٦٣.

دووەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە: کتێب(بەزمانی عەرەبی و تورکی-عوسمانیی):

ئەلیف:بیات، فاضل(إعداد وترجمة ودراسة)(٢٠١٤): البلاد العربية في الوثائق العثمانية، مجلد٣, مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية, استانبول.

مهمه دفتري, رقم دفتر ٦, رقم حكم ٣٢٧.

بێ:بيات، فاضل(إعداد و دراسة و ترجمة)(٢٠١٧): البلاد العربية في الوثائق العثمانية الولايات العراقية في عهد السلطان سليم الثاني ١٥٦٦-١٥٧٤، تقديم: خالد أرن، مجلد٥-القسم الأول, مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية, استانبول.

مهمه دفتري, رقم دفتر ٧, رقم حكم ٣١٩.

مهمه دفتري, رقم دفتر ٧, رقم حكم ٢١٩٣.

مهمه دفتري، مهمه دفتري٧, رقم حكم ٢٣٣٣.

مهمه دفتري, رقم دفتر١٠, رقم حكم ٥٢٨.

مهمه دفتري, رقم دفتر١٠, رقم حكم ٥٢٩.

مهمه دفتري، رقم دفتر١٤, رقم حكم ٨٣٠.

مهمه دفتري، رقم دفتر١٤, رقم حكم ٨٣١.

مهمه دفتري، رقم دفتر١٤, رقم حكم ١٤٠٨.

مهمه دفتري، رقم دفتر١٤, رقم حكم ١٤٠٩.

مهمه دفتري, رقم دفتر١٦, رقم حكم ٤١٥.

مهمه دفتري, رقم دفتر١٩, رقم حكم ١١٨.

مهمه دفتري, رقم دفتر٢١, رقم حكم ٢٩٣.

مهمه دفتري, رقم دفتر٢٢, رقم حكم ١٧٥.

مهمه دفتري, رقم دفتر٢٣, رقم حكم ٤١٨.

مهمه دفتري, رقم دفتر٢٣, رقم حكم ٤١٩.

تێ: بيات، فاضل(إعداد و دراسة و ترجمة)(٢٠١٧): البلاد العربية في الوثائق العثمانية الولايات العراقية في عهد السلطان سليم الثاني ١٥٦٦-١٥٧٤، تقديم: خالد أرن، مجلد٦-القسم الثاني, مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية, استانبول.

مهمه دفترى ذيلي, رقم دفتر ٢, حكم رقم ٣١٠.

مهمه دفترى, رقم دفتر ٧, رقم حكم ١٩٨٦.

مهمه دفترى, رقم دفتر ٢١, رقم حكم ١٠٣.

مهمه دفترى, رقم دفتر ٢٢, رقم حكم ٥٨٣.

مهمه دفترى, رقم دفتر ٢٣, رقم حكم ١٧٩.

مهمه دفترى, رقم دفتر ٢٦, رقم حكم ٥٨٢.

سێیەم: نامەی زانستیی (دکتۆرا) (بە زمانی تورکی):

ŞEHRİZOR'UN TARİHİ COĞRAFYASI, Doktora Tezi, Tez Danışmanı, Prof. Dr. :(٢٠١٤)KOÇ, Hasan Eşref BUHARALI, ANKARA ÜNİVERSİTESİ, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH, GENEL TÜRK TARİHİ ANABİLİM DA, Ankara,Türkiye.

چوارەم:کتێب (بە زمانی کوردی):

بدلیسی, شەرەفخانی (٢٠١٧): شەرەفنامە ژیان و بەسەرهاتی میرانی کوردستان، وەرگێڕانی: سەلاحەددین ئاشتی، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی گوتار، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ئێران-سەقز.

عەبدوڵڵا، نەجاتی(٢٠٠١): کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانیی-فارسی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

پێنجەم:کتێب (بەزمانی عەرەبی):

اينالجيك, د.خليل (٢٠٠٢): تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الإنحدار, ترجمة: د.محمد م. الأرناؤوط, ط١, دار المدار الإسلامي, طرابلس-ليبيا.

بيات، الدكتور فاضل (٢٠٠٧): الدولة العثمانية فى المجال العربى، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت-لبنان.

رؤوف, أ.د عماد عبدالسلام(٢٠٢١): مراكز الإدارة والأسر الحاكمة في العراق في القرون المتأخرة, ط٢, من منشورات مكتبة التفسير للطبع والنشر, أربيل.

رؤوف, الدكتور عماد عبدالسلام(٢٠٠٩): السلطان حسين الولي, من سلسلة إصدارات الجمعية التاريخية لكردستان, مطبعة گۆڤار، اربيل.

صائب, علي(٢٠١٨): الجغرافية المفصلة لممالك الدولة العثمانية, ترجمة: جمعة بن أحمد أبو أحمد الأنطاكي, إعداد: د. أحمد عبدالوهاب الشرقاوي و الآخرون, ط١, دار البشير للثقافة والعلوم, القاهرة.

گولى و الجوادى، د.نزار أيوب و د.غسان وليد(٢٠١٩): مقدمة في تاريخ زاخو خلال العهد العثماني ١٥١٥-١٩١٨م دراسة تاريخية وثائقية, ط١, من منشورات المركز زاخو للدراسات الكردية, بدون.مط, بدون م.ط.

مراد, خليل علي(٢٠١٨): العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠ دراسة في الإدارة العثمانية والحياة الإقتصادية, ط١, الرافدين للطباعة والنشروالتوزيع, لبنان-بيروت.

شەشەم:گۆڤار (بەزمانی کوردی):

ساڵح, د.ئاراس محەمەد(٢٠١٦): گوڵعەنبەر مەڵبەندی یەکەمی میرایەتی بابان، خاڵ، گۆڤارێکی هزری ڕۆشنبیرییە، ژمارە(٨)، تەشرینی یەکەم، سلێمانی.

کۆچ, حەسەن (٢٠٢٠): مەڵبەندەکانی بەڕێوەبردنی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانییدا: قەڵاکانی زەڵم و گوڵعەنبەر، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: کامەران کوردەوار، گۆڤاری خاڵ: گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، ژمارە(٢٩)، ئاب، سلێمانی.

حەوتەم:گۆڤار (بەزمانی عەرەبی):

جرامـون، جـان لويـس باكيـه (٢٠١٣): بعـض الملاحظـات حـول مفـردة الاقطـاع مـع ذكـر بعـض حقائـق العـالم العثـماني, ترجمـة: د.سـعاد محمـد خـضر, مجلـة مؤسسـة ذيـن لإحيـاء الـتراث الوثائقـي والصحفـي الكـردي, العـدد(٥), السـنة الخامسـة, كانـون الأول, السـليمانية.

مـراد، ا.د.خليـل عـلي(٢٠١٣): المفهـوم الإداري والجغـرافي لمصطلـح (كردسـتان) في مصـادر العهـد العثـماني, مجلة مؤسسـة ذيـن لإحيـاء الـتراث الوثائقـي والصحفـي الكـردي, العدد(٥), السـنة الخامسـة, كانـون الأول, السـليمانية.

هەشتەم: گۆڤار (بە زمانی تورکی):

TAŞKIN, Ünal (٢٠١٤): ١٠٠٢ NUMARALI TAHRİR DEFTERİNE GÖRE ŞEHRİZOL, Fırat Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt: ٢٤, Sayı: ١, Sayfa: ٢٩٧-٣٠٩, ELAZIĞ-Türkiye.

نۆیەم: فەرهەنگ و ئیسنایکلۆپیدیا(بەزمانی عەرەبی):

حـلاق, د. حسـان و صبـاغ, د.عبـاس (٢٠٠٩): المعجـم الجامـع في المصطلحـات العثمانيـة, ط١, دار النهضـة العربيـة, بيروت-لبنـان.

صالـح، د.صالـح سـعداوي(٢٠١٦): مصطلحـات التاريـخ العثـماني: معجـم موسـوعي مصـور, مجلـد الأول, مـن إصـدارات دارة المللـك عبدالعزيـز, الريـاض.

القطـوري, ا.د.الصفصـافي أحمـد (إعـداد) (٢٠١٢): القامـوس عثماني-تركي-عـربي معجـم صفصـافي(٢), ط٢, بـدون دار النـشر, القاهـرة.

تومـي, حبيـب(٢٠١١): معجـم الألفـاظ المحكيـة المشـتركة بـين العربيـة والكرديـة و التركيـة و الفارسـية, دار اراس للطباعـة والنـشر, اربيل.

دەیەم: فەرهەنگ و ئیسنایکلۆپیدیا(بەزمانی تورکی):

Mahmud, Muhammed b. (٢٠١٣): ``ŞEHRİZOR``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, Cilt ٣٨, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

SahilliOğlu, Halil (١٩٩١); ``Bad-i Hava``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, cilt ٤, (٤١٦s-٤١٨), Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

## ملخص

## تطور الإدارة في إيالة شهرزور في ١٥٦٤-١٦٠٠م
## دراسة تاريخية وثائقية

إيالـة شـهرزور؛ كانـت لهـا موقـع الاسـتراتيجي، السـياسي، العسـكري، الاقتصـادي والاجتماعـي عـلى الحـدود الشرقيـة للإمبراطوريـة العثمانيـة، اسـتحداث إيالـة شـهرزور يعـود إلى عـام ١٥٦٤، عـلى وجـه الخصـوص؛ هـذا اسـتحداث الإداري مـما أدى إلى تغيـير إداري كبـير في إيـالات العثمانيـة الشرقيـة، في مسـألة فـك، فصـل وتحديـد الحـدود الإداريـة لإيالـة مذكـورة مـع إيـالات الأخـرى مثـل: إيالتـي الموصـل وبغـداد، بينـما كان توسـيع الحـدود الإدارية لإيالـة شـهرزور وتصغيرها مرتبطًـا بالتغيـيرات الإداريـة في الإمبراطوريـة العثمانيـة، وكان مـن أبـرز سـمات الإمبراطوريـة العثمانيـة التغيـير المسـتمر للوحـدات الإداريـة، مـن حلهـا إلى اندماجهـا مـع وحـدة إداريـة أخـرى ثـم اسـتحداثها مجـددا، أو فصـل وحـدة إداريـة

من إيالة إلى أخرى, وعلى سبيل المثال إلغاء إيالة الموصل ثم وضعها ضمن الإطار الإداري لإيالة شهرزور كالسنجق ثم إعادتها من جديد كإيالة الموصل مستقلة، واستمرت هذه التغييرات كتقليد من تقاليد الإمبراطورية العثمانية وكذلك الصراعات الداخلية بين الإمارات والقبائل داخل إيالة شهرزور، ولكن الحروب والصراعات المستمرة بين الصفويين والعثمانيين لعبا دورًا في توسيع وتصغير الحدود الإدارية لإيالة شهرزور خلال الفترة ١٥٦٤-١٦٠٠م. السؤال الأساسي في هذه الدراسة هو: ما أثر تطور ادارة إيالة شهرزور على الأحداث والتغيرات في الداخلها والخارجها؟ وما هو تأثير تطور الإدارة العثمانية على مستقبل إيالة شهرزور؟ تقدمت هذه الدراسة بعض المعلومات العلمية الجديدة لإجابة على هذه الأسئلة مطروحة، بهدف إثراء البحث التاريخي لكوردستان في الحاضر والمستقبل.

الكلمات المفتاحية: شهرزور، العثماني، الصفوي، إيالة، الحدود والقرن السادس عشر.

## Abstract

The Adminstrative Evolvement of Sharezoor Eyalet (١٥٦٤ -١٦٠٠): A Historical Documentary Study

Sharezoor eyalet had a strategic political, military, economic and social impact on the eastern borders of the Ottoman Empire. The establishment of Sharezoor eyalet dates back to ١٥٦٤AD, which brought about major administrative changes in the eastern Ottoman eyalets specifically in terms of separating and identifying the administrative borders of Sharezoor eyelet from those of Mosul and Baghdad. At the same time, the expansion or narrowing of Sharezoor eyalet administration was linked to the internal administrative changes of Ottoman Empire. This, indeed, was one of the major characteristics of the Ottoman Empire. In other words, the structure of provincial administration changed significantly during the governance of the empire. Sometimes they would demolish some of these administrative units, other times they would separate some units from their present eyalets then assign themto differentones. For example, they demolished Mosul eyalet and added it to Sharezoor eyalet, then again turned it into a one independent eyalet. Ottoman provincial administration was strongly characterised by regional differentiation. Nonetheless, apart from the continuous fights between Ottomans and Safavids, there were also internal conflicts between some princes and tribes who were living in Sharezoor area. All these events played a significant role in the expansion or the shrinkage of Sharezoor eyalet from ١٥٦٤ to ١٦٠٠.The main question that this study seeks to answer is: "To what extent the expansion of Sharezoor province had an impact on internal and external events of Sharezoor eyalet?" also " In what ways did the evolution of the Ottoman institutions had an impact on the future of Sharezoor eyalet?". To answer these questions, this study will provide some new academic findings. The hope is that this study will lead to the enrichment of Kurdistan's historical research that is accessible to current and future researchers.

**Keywords: Sharezoor, Ottoman, Safavid, Province, Border and the ١٦th Century**